رۆمان

سەعید زەبۆکی

لای خۆمان

کەمال سەعدی

بەیارمەتی وەزارەتی رۆشنبیری هەرێمی کوردستان چاپ کراوە

رۆمان

سەعید زەبۆکی

لای خۆمان

کەمال سەعدی

پێشکێشە بە:

شاسوارانی ئەدەب و رێبازی کوردایەتی

* نەمر عەرەبی شەمۆ

* نەمر هەژار موکریانی

سەعید و سەرەتای ناسین

دوای بیست ساڵ وەزیفە ئینجا باوکم توانی چەند عانەیەکە پێکەوە بنێتە و پارچە عەردێک لە دوورەوەی شار ، کە گەرەکی موفتی پێ دەڵێن بکرێتە و بەقەرزو فەرز چوار چاوە خانوی ڕوژهەڵاتی لێ دروست بکات ، تا ئەوکاتەش ئەو ناوە هەر دەکرایە گەنم و جۆ. ماڵی ئێمەو چەند کەسانێکی کەمی لێ بوو . یەکێ یان ڕەفیقی چایەچی بوو ، پیاوێکی ئێسکە سووکە و قسەخوشو خوێن شیرین و دۆغری بوو .

چایخانەیەکی بچکۆلانەی لەناو شار هەبوو ، هەر لە تاریکێ و ڕۆنی بەیانی یانەوە دەردەچوو تاکو ڕۆژئاوابوون نەدەگەڕاوە . شەوانیش ماڵ بەماڵ ئێمەی بەسەر دەکردەوە . زۆر حەزی لە قسەی خۆشو گاڵتەوگەپ بوو . ژیانی ئێمە لە هی لادێی دەکرد چونکی ئاوو کارەبامان نەبوو ... ماڵەکانیش هەریەکەیان لە پەرگەیەکی گەرەکە بوون ، هیچی یان لەیەکە نزیک نەبوون . سەرجەم گەرەکی موفتی لە ماڵی ئێمەو ڕەفیقی چایەچی و ڕەحمان سەروپێ و عەبدول-ڕەحمانی پینەدۆزو حاجی حوسێن و سەعید زەبۆک پێک هاتبوو .

سەعید زەبۆک پیاوێکی کەڵەگەتی وورگ گەورەی چوار شانەی بەخۆوە بوو . هەر بۆیەش بە سەعید زەبۆک ناوی دەرکردبوو ، چونکی هەموو لەشی ئۆین بوو .

هەموو شەوێک ڕەفیقی چایەچی بەخۆی و فانۆسەوە لێمان بەژوور دەکەوت . سەرەتای قسەکردنی بەناوی سەعید زەبۆک دەست پێ دەکرد . ئێمە ئەوکاتە منداڵ بووین ، تازە یەکەم ساڵ بووو چووبوومە پۆلی یەکی ناوەندی . ئەوەندەیان باسی ئەو سەعید زەبۆکە لە ماڵی ئێمە کردبوو تا وای لێ هاتبوو شوێنی گشت ناوێکی لەناو میشکم پڕ کردبۆوە . چی خراپ بوو لێ یان دەگێڕاوە . لە فێڵ و تەڵەکەبازی و قۆڵ بڕین و درۆزنی و ساختەچی یاتی و لە خوا نەترسی و دەست پیسی و بێ ووژدانی و هەرچی ڕەوشتی خراپ بوو کە خوا دایناببێت دەیان دایە پاڵی . زۆرم بەلاوە سەیر بوو

که تەنیا دراوسێ یەک لێی ڕازی نەبوو . خۆ هەر لەوێکەوە دەمویست شتێکی لێ بزانم ، بەڵام باوکم ئەوەندە زوو زوو هەڵس دەستاندم و زۆر بەتەکلیف بوو بۆیە جارێک نەبوو بە تەواوی سەربردەیەکیم بەرگوێ بکەوێ . دەتووت دەورەکانی یان لە ما بەینی خۆیان بەرامبەر سەعید زەبۆک دابەش کردووە .
ڕەفیقی چایەچی دەوری تەنیا ناوهینانی ئەم پیاوە بوو . خۆ هیشتان باسی لێوە نەدەکرد کە ڕەحمان سەروپێ دەی قۆستەوەو چەند فڕوفێڵەی لێی بیستبوو هەموو شەوێک وەکو بنیشتە خۆشەوە دەی جوی یەوە .
حاجی حوسینیش دوای تەواو بوونی هەموو سەربردەکانی ، کەهیچی نوێ نەدەما لێی باس بکەن ، سەری خۆی دەلەقاندو دەیووت : شەیتان بە نەعلەت بێت لەگەڵ ئەویش ! توخوا بەسی بکەن ، با گوناهەکانی کەم نەبێتەوە . دەڵێن شەیتان ، بەڵام خۆ ئەو مردوو نەمرە لەویشی ڕەت کردووە !! سەعید زەبۆک تێکەڵی کۆڕی شەوانەی گەرەک نەدەبوو . بە ڕۆژیش بەکاری خۆی یەوە خەریک بوو . ئەگەر ئیشیکی زۆر گرینگ یان ئۆینێکی لەبن سەر نەبایە ئەوا بەلای ئەهلی گەڕەکەکەدا نەدەهات . بۆیە هەرکاتێک بەرەولای خەلکی گەڕەکەکەمان بهاتبا هەر لە دوورەوە نەعلەتی یان بۆی ڕەوان دەکردو دەیان ووت :
- یاساتر دەبێ ئەوجارەیان چی لەژێر سەربێت !! ئەوەی زۆر سەرنجی ڕاکێشابووم ، بێ دەنگی وەستا عەبدول ڕەحمانی پینەدۆز بوو لەناو ئەم کۆڕانەدا . وەستا عەبدول ڕەحمان پێشتر شاگردی سەعید زەبۆک بوو ، هەر لە دەمێکەوە لەلای ئەو ئیشی پینەدۆزی و کلاش دروستکردنی دەکرد . پیاوێکی کڕو بێ دەنگ بوو . کە لە کۆڕ دادەنیشت بەس گوێی دەگرت و هیچ قسەی نەدەکرد . کە باسیش دەهاتە سەر باسی سەعید زەبۆک پەنجەی خۆی دەگەستەوەو سەری لەگەڵ دەلەقاندو دەیووت :

- من سووچی خۆم بوو ، دەبایە هەر لە ئیشەکانەی بم ناسیبا !! ڕەفیقی چایەچیش لە قاقای پێکەنینی دەدا و دەیووت :
- خوا خێرت بنووسێت ، خۆ ئەگەر ئەتوش نەبایتە ئێمەش حاڵمان لە دەست ئەم کەڵەکە چی یە لە تۆ باشتر نەدەبوو ! هەر هەموومانی هەڕاج دەکرد . وای لێ هاتبوو وەکو قەوان هەموو شەوێک هەمان تاسو حەمام دووبارە دەبۆوە .

ئێوارەیەکیان خەڵکی گەڕەک لەناو باخچەکەی ئێمە کۆبوو بوونەوەو باسی شەم دونیایەیان دەکرد ، سەعید زەبۆک بەژوور کەوتە و پارچە کاغەزێکی سپی و ئەستەمپەیەکی مۆرکردنی بە دەستەوەبوو . هەر لە دوورەوە بە پێکەنین ووتی : چتان دەوێ ئەوا پارەی موختاریشتان لە کۆڵ دەکەمەوە !! هەمووبان واقیان ووڕما ، ڕوویان لەیەک کردو بە سەرسامی یەوە بە یەکیان ووت :
ئەمەش ئۆینێکی تر ە !!

وەرەقەکەی لەسەر مێز داناو پێش هەموو شتێک هاتە سەر باسی موختارو پیشەوی و پەیوەندی بە خەڵکەوەو سوودەکانی بۆ گەڕەک ، تا ئەو کاتە نەمدەزانی پێناسەی موختار چی یە ، دەتووت بەبەغایە هەر لەپێناسەی موختارەوە تا دەگاتە بچوکترین وەزیفەی موختاری لەو کوڕەدا شەرح کرد . دوای ئەوە هاتە سەر لایەنی دارایی یەوە ووتی :

- میللەت هەژارە و پێویستی بە یارمەتی هەیە . ئەو موختارانە زۆر بێ ویژدانن ، بۆ هەر کارێک بچیتە لایان مۆرێکت بۆ ناکەن هەتا نیودینارێ یان پێشەکی نەدەیتێ . ئاخر نالێن بەم نیودینارە مرۆڤ ڕۆژێک دەژیێت .

زیاتر هاتە پێشەوەو ڕووی لەڕەفیقی چایەچی کردو ووتی: وانی یە کاکە ڕەفیق ؟ کێ بێت لەئێمە ئیشی بە موختار نەکەوێت بۆ ناو نووس کردن یان دامەزراندنی منالەکانمان بگرە بۆ وەرگرتنی دەفتەری خزمەتی سەربازی و ژن هێنان و مردن نامەو دەرهێنانی وەکالەتی بازرگانی و چوونە دەرەوەی وولاتەو دامەزران لە

دایەرەکانی دەوڵەت و هەزاران شتی تر . دەتۆ وەرە ئەم هەموو نیودینارى یانە کۆبکەرەوە بزانە چ ساماندێکى زۆرى لێ پێک دێت .

هەموویان بەیەک دەنگ ووتیان :

- ئەشەدو بیلد ڕاست دەکات .

ڕەحمان سەروپێ ووتى :

- هەر ئەمرۆ من نیودینارم داوەتە مام فەتحى موختارمان بۆ جێ بەجێ کردنى دەفتەرى خزمەتى سەربازى کوڕەکەم .

ڕەفیقى چایەچیش بە پێکەنینەوە ووتى :

ئەى بۆ من نالێى یەک تاقە دینارى ڕەبەقم داوەتە ئەوە لەبرسان مردووە ، چى یە ئیجازەى دوکانم بۆ دەردێت .

باوکیشم ووتى :

- بۆ من نالێین ، سارْ نى یە ڕێم نەکەوێتە لاى موختارو نیودینارم لێ وەرنەگرێ .

سەعیدە ڕیوى بەم لایەن گیریە کەیف خۆش بوو ، لەخوشى یاندا هەر ئەوەبوو ، باڵى ندەدەگرت و نەدەفڕى ، بەپێکەنینەوە ووتى :

- چى دەڵێین من شەم نیودینارەتان لە کۆڵ بکەمەوەو هەتا هەتایەش نەخوتان و نە منالەکانیشتان فلسێکى سوور نەدەنە موختارو هەموو کارێکشتان وەکو تەڵقە تەواو بێت ؟!

هەموو بەیەک دەنگ ووتى یان :

- کێ هەیە ئەمەى بەلاوە ناخۆش بێتە .

ڕەفیقى چایەچى سەرى خستە ژێر گوێى باوکم و چرپەیەکى کرد . ئەویش بە دەورى خۆى چرپەیەکى لەژێر گوێى ڕەحمان سەروپێ کرد . وەستا عەبدول ڕەحمانى پینەدۆزیش تەماشاى هەمووياني کردو هیچ قسەى نەکرد بەس پێکەنى .

سەعید زەبۆکە شستەمپەکەى هێنا پێشەوەو لەبەرچاوى ئەوان پەنجەى خۆى پێدا هێناو مۆرێکى گەورەى لە سەرەوەى وەرەقەکە کردو ووتى :

- هیچ مەترسێن ، شکی هیچ مەکەن ، وا من مۆرم کرد ئێوەش ناوی خوای لێ بێنن و مۆری بکەن ، هەر هەفتەیەکی تۆرەو دەبمە موختاری گەڕەکەو هەموو ئیشێکتان بە خۆڕایی مەیسەر دەبێ . پێویست ناکات ئێوە بە دوای موختاردا بگەڕێن ، من خۆم هەموو ئیوارەیەک سەر بەمالّی هەمووتان دادەگرم و هەر کارێکتان هەبێ بۆتان دەکەم . ئەگەر سەفەریش بکەم پێشتر مۆرەکە دەدەمە دەست یەکێک لەئێوە .

وا پێدەچوو هەموویان لە سەعید زەبۆک چاوترسای بووبن ، بۆیە کەسی یان جورئەتی ئەوەی نەدەکرد پەنجەی پێوەنی . ڕەفیقی چایەچی بەگاڵتەوە ووتی :

- دەترسم سەعید حزبێکمان لێ دروست بکات و سەرمان بکات بەژێر قنارەوە .

ڕەحمان سەروپێ ووتی :

- خۆ شتێکی زەحمەت نی یە ، با یەکێک بۆمان بخوێنێتەوە ،بزانین چی تیا نووسراوە ، ئەوجا پەنجەی پێوەدەنێین .

لەمن زیاتر کەسی خوێندەوار لە مالەوە نەبوو . بانگی یان کردم و لیستەکەیان دایە دەستم ، منیش ووردو درشت بۆیانم خوێندەوە . بستێکی بەقسەی قەڵەوو درۆو دەلەسە پڕکردبۆوە ، دوای ئەویش کۆمەلێک ناوی لەدوای یەک ڕێز کردبوون گوایا دانیشتووی گەڕەکی موفتین ، لە حەقیقەتدا فڕیان بە گەرەکەکەی ئێمەوە نەبوو . ڕەفیقی چایەچی ڕووی لە دانیشتوان کردو بە پێکەنینەوە ووتی:

- من هیچ سەرم لەکاری ئەم سەعیدە دەرناچێ . سەرێکی هەیە و سەد سەودا . دەترسم بۆ ردێن بچین و سمێڵیشی لەسەر دابنێین!! ڕەحمان سەروپێ بە پێکەنینەوە ووتی :

- قەت ئێمە لەم سەعیدە تەمبێ خواردی نابین ، ئەها !! ئەگەر ردێنی لە گوو وەرنەدایەن !

باوکیشم ڕووی لە وەستا عەبدول ڕەحمانی پینەدۆز کردو ووتی !

- تۆ دەڵێی چی وەستا عەبدول ڕەحمان ؟

وەستا عەبدول ڕەحمانی پینەدۆز هەروەکو جاران پەنجەی خستەوە ناو دەمی و ووتی :

- من پەنجەی خۆم گەستۆتەوە ، تۆبە ! بەهاوینان پانکە بە زستانان سۆبە ! ئەگەر ئەم سەعیدە پەیامیشی بۆ بێتە خوار نە بە قسەی دەکەم و نە تخونیشی دەکەوم . هێشتانِ بریندی کۆنم سارێژ نەبووە جا نۆرەی بریندێکی ترە .

ڕەفیقی چایەچی ڕووی لە وەستا عەبدول ڕەحمانی پینەدۆز کردو بەگاڵتە پێی ووت توخوا ئەگەر بۆمان نەگێڕیتەوە چۆن سەعید فێڵی لێ کردیت ؟!

وەستا عەبدول ڕەحمانی پینەدوز سەری خۆی لەقاندو ووتی :

- شەیتان بە نەعلەت بێت . ڕەجای خواتە لێ دەکەم ڕەفیقە بەسی کەو بی بڕێنەوە با چی تر بڕینم نەکولێتەوە .

سەعیدە ریوی لەقسەکانی ڕەفیقی چایەچی قەڵس بوو . بەتووڕەیی هەستا ، وویستی بچێتە دەرەوە ووتی :

- مردیت مرێ وەکی بنیشتە خۆشە ئەم قسەیەت هەر لەسەر زارە ، بوو بە حیکایەتی عەنتەر هەر نەبڕایەوە ، کابرا دەنگ ناکات تۆ چیتە ؟!

ڕەحمان سەروپێ و باوکیشم خۆیان دایە پاڵ ڕەفیقی چایەچی و بەوە سویندو بەوە تکا ئاخیری وەستا عەبدول ڕەحمانی پینەدۆزی یان هێنا قسەو کۆنەکای چەند ساڵەیان پێی بەبا کرد . منیش گوێم قوڵاخ کردبوو ، زۆر تامەزرۆی سەربردەی ئەم سەعیدە بووم . وەستا عەبدول ڕەحمانی پینەدۆز ڕووی لەدانیشتوان کردو ووتی :

- بۆچی دەمم دەکەنەوە ؟ ئەی بەخۆتان لەمن باشتر ئاگادار نەبوون کە چۆن لەخشتەی بردم و بەپارەو پوولی من خانوەکەی خۆی تەواوکرد . منی بە دوکان بەستبوەوەو بەناوی پیاوەتی

گوایە هەر لەگەڵ دەستی خاوێنی خانوەکەی منیش سەرپەرشتی دەکات و ئاودان و هێنانی کرێکارو کرینی کەرەستەکەشیم لەکۆڵ دەکاتەوە . من بەچی بزانم ، ئەم حەرام خۆرە لەخوا ناترسێ و خانوەکەی خۆشی بەکەرەستەی من بەرز دەکاتەوەو ڕۆژانەی کرێکارەکانیشی لەسەر من حیسابە دەکات . گلەیی لەو ناکەم ، خەتای خۆم بوو ، ئەگینا کێ هەیە تاکو خانووەکەی تەواو دەبێت سەرێکی لێ نەدات ؟ کەسیشم نەدۆزی یەوە ئەو نەبێت ، خانووم لەتەنیشتی دروست کرد !

ڕەفیقی چایەچی بە پێکەنینەوە ووتی!

- ئەدی ئێستا بۆچ هەر لەتەنیشتی مایەوەو خانووەکەت نەفرۆشت ؟ دیارە لەوە ناترسێی پەندێکی ترت پێ بکات ؟ وەستا عەبدول - ڕەحمانی پینەدۆز سەری خۆی لەقاندو ووتی !

- ئەگەر لەدەستم دەهات ، هەر لەوکاتەی کەزانیم خیانەتی لێ کردوومە ، لە دراوسێ یەتیی بەدوور دەکەوتمەوە . بەڵام ئاخ دەستی ئێوەم شکاوە ، ئەو دەمەشڕەی ئێوە هەموو شتێکی لێ تێک داوم . سەربردەی ئەم پیاوەتان کردۆتە حیکایەتی مەلای مەشهورو کەس نەماوە لەم شارەدا بە فڕوفێل و کەڵەکاتی سەعیدی نەزانیبێ. بۆیە هەر کرێیارێکی دەیهێنمە سەر خانووەکەم لەبەر سەعید عانەیەکی قەڵپی پێ نادات .

سەعید زەبۆک لێی هاتە پێشەوەو ئەم لاو ئەو لای ڕوومەتەکانی وەستا عەبدول ڕەحمانی پینەدوزی ماچ کردو دەستی خستە سەر شانی و ووتی !

- گوێ لە قسەی ئەمانە مەگرە ، هەر ئەوان بوون بەینی من و تویان تێک دا ، ئەگینا فەرقی من و تۆ چی یە ، هەردووکمان بۆ ڕای دینێکین ، خۆماڵمان لەگەڵ یەکە بەش نەکردووە . بەشەرەفم ، بە ناموووسم ئەم مووە لەپیاوان نەهاتبێ ئەگەر ڕۆژێک لەڕۆژان کیسە جیاییم لەگەڵ تۆ کردبێتە . ئەگەر برای خۆم دراوسێم بوایە

نـــەر ئەوەندە کەیفم پۆی دەهات ، بەپۆی فەرموودەی پێغەمبەریش میراتی دراوسێ بۆ دراوسێ دەبێ ئەگەر کەسی نەبوو . من لـــە تـۆ زیاتر کێ شک دەبەم ، بەناشوکـری نالێم برام هـەیـــە ، مامم ، خاڵـم کەسوکـارم هەیە . ئێستاش ئەوەی چوو چـــوو ، با هیچـی تر لە دوو چوان نەچین .

وەرەقەکەی هێنا بەردەمی وەستا عەبدول ڕەحمانی پینەدۆزو بـــە پێکەنینەوە پۆی ووت :

- شەیتان بە نەعلەت کەو پەنجەیەکـی پیوەنێ . دەوەڵڵا مـــادام وەی لێ هات تۆ دەکەمە جێگری خـۆم و گەردەنیشت ئازاد بێتە ،ئەگـەر من لێرە نەبووم هەر لەفلسێکەوە هەتا هەزار دینار بۆ خـــۆت بێتە و وەکو ئاوی حەیات لێتە حەڵاڵ بێتە .

وەستا عەبدول ڕەحمانی پینەدۆز وەرەقەکەی بە تووڕەیی فڕێ دایـە ئـەم لاو ووتی :

- بەس ئەو کـلاوە مابوو لەسەرم نێی !!

ڕەفیقی چایەچی ڕووی لەوان کردو ووتی :

- بۆ دڵـی خۆمانی لێ پیس بکەین ، ئەوە نەبوو کـاغـەزەکـــە خـویندرایەوە .ڕەحمانی سەروپێ ڕووی لە ڕەفیق کردو ووتی :

- ئێوە خەریکی قسەبوون نیوەی لاپەڕەکەی هـەر نەخوێندەوە خـــۆم چـاوم لێ بـوو .

ڕەفیقی چایەچی ڕووی تێ کردم و ووتی :

- جارێکی تریش کاغەزەکە بخوێنـەوە ، با هەموویان گوێ یان لـــێ بێتە ، بەس نەکەی هیچ بەجێ بهێڵی ؟

ئەوەبوو ئەوجارەیـان لە نوکەوە کاغەزەکەم بۆیان خـوێنـدەوەو هیچم لێی بەجێ نەهێشتە ، تەنانەتە ئەوەی دەشم زانی درۆیە هـەر بۆیانم خـوێندەوە . کاغەزەکە بریتی بوو لەسکالا یەک ناونیشانی تیایدا ڕیز کردبوو ، گوایا ئەوانە دانیشتووی گەڕەکی مـوفتین و داوا دەکەن گەڕەکەکەیان پەیوەندی بە گەڕەکی ئیسکان وجمهوری یەوە

بپچڕێت و سەعید بکەنە موختاری گەرەک . کۆمەڵێک ڕەوشتی باش و زیرەکی و ڕاستگۆیی و پاکیی ئەم زاتەشیان لەناو سکالاکە ڕێز کردبوو . ئەوەندەم پێکەنین بەم قسانە دەهات ، لەتاوان هەموو لێوی خۆم کرۆشتەوە . شتی وای تێدا نووسی بوو ، سەر بەهەش پێکەنینی پێ دەهات . ناوە ناوەش وەستا عەبدول ڕەحمانی پینەدۆزم بیر دەکەوتەوە بۆیە هەتا تەواوم کرد هیچ ئاوڕم لەلای ئەو نەداوە . لەژێرەوەی هەموو ناوەکانیش ناوی هەرپێنج دانیشتووی گەڕەکەکەمانی نووسی بوو .

ڕەفیقی چایەچی لەقاقای پێکەنینی داو ووتی :

- جەماعەت خۆ من خوێندەوار یش نیمە ، بەڵام خۆ ئێوەش گوێتان لێ بوو ، ئەم هەموو ناوانەی سەعید لەناو ئەم سکالایەدا ڕێزی کردوون کوا خەڵکی گەڕەکن ؟!

ڕەحمان سەروپێ ووتی :

- مەگەر سەعید بزانێت ! ئێمە بەهەموومان شەش ماڵین . ئەم مسردوو نەمرە زیاتر لەسەد ناوی ڕێز کردووە ، نازانم مەبەستی چی یە ؟

سەعید زەبۆکە لەقاقای پێکەنینی داو ووتی :

- دیارە هێشتان منتان نەناسیوە ؟! ئەگەر ئەوها نەبێ چون دەمکەنە موختاری گەڕەک ؟!

ئەم سەعید زەبۆکە زمانی ئەوەندە لووسە ، شەیتانت بۆ لە خشتە دەبات . بەهەرحاڵ گشتی یانی ڕازی کردو مۆری پەنجەی هەموویانی وەرگرت . تەنیا وەستا عەبدول ڕەحمانی پینەدوز نەبێتە مورەکەی نەکرد ووتی :

- سوێندەو خواردوومە بۆ بەهەشتیش لەگەڵ ئەم سەعیدە ناچم !!

سه‌عید زه‌بۆك ده‌بێته موختار

هه‌مووی چه‌ند ڕۆژێکی نه‌برد ، له‌سه‌ر ده‌رگای حه‌وشه‌که‌یان بـــه خه‌تێکی دوشت نووسرابوو ، مالّی موختاری گه‌ڕه‌کی موفتی سه‌عـــید . هه‌ر لـــه‌و ڕۆژه‌وه که بووه موختاری گه‌ڕه‌ک به‌لای ئه‌و مالاّنه‌شدا نه‌هات . قـــه‌وێک ڕه‌فیقی چایه‌چی له‌گه‌ڵ خه‌ڵکی گه‌ڕه‌که‌که‌مان له‌مالّی ئێمـــه کۆبوونه‌وه‌یه‌کی یان سازدا ، ته‌ککبیری یـــان بـــۆ بـــه‌ســـه‌رکـــردنه‌وه‌ی سه‌عید زه‌بۆك کـــردو به‌پێنج قۆڵی یـــه‌وه ڕوویان له‌مالّه‌که‌ی کرد . دوای له‌ده‌رگادان چوونه ژووره‌وه . له‌دیوه‌خانه‌که دانیشتن وچایه‌یان بـــۆ هات و خورایه‌وه . ته‌ماشـــای سه‌عیدیان ده‌کردو له‌یه‌که‌ڕاده‌مان. سه‌عید چاویلکه‌یه‌کی ســـپی ته‌ندروستوی له‌چاو کردبوو و کۆمه‌ڵـــێک وه‌ره‌قـــه‌ی ســـپی و فایلی ڕه‌نگاو ڕه‌نگی له‌به‌رده‌م خۆی دانابـــوو و خـــه‌ریکـــی پڕکردنه‌وه‌ی کاغه‌زه‌کان بوو . ڕه‌فیقی چایه‌چی ڕووی لـــه ســـه‌عید کردو ووتی :

- کاکه سه‌عید ئاوڕێکیش له‌ئێمه بده‌وه‌و بزانه بۆچی هاتووین ؟ هیچ خـــۆی تێکه نه‌دا ، به‌تیلی چاوی یه‌وه له‌ژیره‌وه‌ی چاویلکه‌که‌ی سه‌یرێکی ڕه‌فیقی کردو ووتی: خێربوو ؟ بۆچی هاتبوون ؟ ڕه‌حمـــان ســـه‌روپی ووتی :
- ئه‌ی نازانی بۆ پیروزبایـــت هاتووین ، به‌بۆنه‌ی ئه‌وه‌ی جه‌نابتان بوون به‌ســـه‌رۆکتاری گه‌ڕه‌که‌که‌مان .

پێکـــه‌نی و ووتی :

- سوپاستان ده‌که‌م به‌خێربێن .

ئه‌وانیش مقـــۆمقۆیـــان بوو و دووایی به‌چرپه له‌گه‌ڵ یه‌ک دووان . ڕه‌فیقی چایه‌چی زۆر بێ شـــه‌رم و ده‌م شـــڕو قسه له‌ڕوو بـــووو ، ڕووی له‌ســـه‌عید کردو ووتی:

- ئه‌وه هه‌ر له‌ئێستاوه پشتمان تێ ده‌که‌ی ، ئه‌دی ده‌بێ دووایی یه‌که‌ی چـــۆن بـــی ؟!

سەعید زەبۆک کاغەزەکانی خستەلاوەو لێ یان نزیک کەوتەوە، بەزمانی لووسەوە ووتی ؛

- ئەستەغفیرولاّ ، ئێوە براگەورەی منن . هەر لەو ڕۆژەی بوومەتە موختاری گەڕەک شەوو ڕۆژ بێنم نی یە ، هەر خەریکی ڕێکخستنی کاروباری گەڕەکم . ئەوا دەبینن فایلم بۆ هەموتان کردۆتەوە . هەندێک شانەکانی هەڵتەنکاندو بەئیحم ئیحمەوە ووتی؛

- تا ئێستا بایەخ بەم گەرەکەی ئێمە نەدرابوو ، هەر بۆیەش نە ئاوو نە کارەبای بۆ نەهاتووەو زستانانیش پیاو چۆکێک دەکەوێتە ناو قوڕو چڵپاو بەلاّم خوا یارپێت هەر لەبەیانی زووتر نی یە ئەم کارانە گشتی مەیسەر دەکەم .

بەم قسە قەڵەوانە گشتی یانی تەریقە کردنەوە. ڕوویان لەیەکە کردو ووتیان ؛

- ئەشەدو بیلا خراپی تێ گەیشتبووین ! دیارە دەیەوێ گەڕەکەمان بکاتە گەڕەکی بەڕاستی .

شەو شەوەیان بە گفتوگۆکردنی پڕۆژەکانی سەعیدە ڕیوی یەوە بەسەر برد .

سه‌عید زه‌بۆك

دارتێلی کاره‌با بۆ گه‌ڕه‌ك دێنێ



چەند ڕۆژێکی نەبرد ، دایەرەی کارەبای لە سەرتاپای گەڕەکەکەمان فڕێ داو ناوە ناوە بەدرێژایی شەقامەکان کرێکار بەخاکەناس و قازمەوە خەریکی کۆڵینی شوستەکان بوون . دیسان وەکو جاران خەڵکی گەڕەک کۆبوونەوەو کەوتنە ستایشی سەعید زەبۆک . هەریەکەی بەجۆرێک بەشان و باڵی هەڵدەدا ، گوایا وورده وورده دێ قسەکانی و پەیمان و پڕۆژەکانی بێنەدی . بەڵام وەستا عەبدول ڕەحمانی پینەدۆز هەر سەری خۆی دەلەقاندو دەیووت؛

- ئەم ماستە موێکی تیایە ! سەعید ئەوکەسە نی یە دەست لەکاری خۆی هەڵگرێ و بەدووای ئیشوکاری گەڕەک بکەوێت . وا خاو نەپیجراوەتەوە . لەدووای کەری تۆپی دە گەڕێ تا نالەکەی لێ بکاتەوە . جا چۆن خێری لێ دەبیندرێت . کەی تۆز لەقوڕێ دا بڵند دەبێ ؟! ئەوە بۆ هەفتەیەک دەچێ ، وازی لەدوکانەکەی خۆی هێناوەو کەس نازانێ بەدووای چی دەکەڕێ .

ڕەفیقی چایەچیش ووتی؛

- لەلای خوا دوور نی یە چاک بووبێتەوەو گۆڕا بێت . بۆنا هەزار گوناهبو یەک تۆبە .

حاجی حوسێن بەدەنگیکی بەرز ووتی؛

- شەیتان بەنەعلەت بێت . ئەم ئیبلیسەو تۆبەیان نەووتووە . ئەمان لەم قسانەدا بوون ، سەعید زەبۆک هاتەلایان و لیستەیەکی گەورەی خستنە بەردەم و ووتی؛

- ئیشێکی چۆنم کردووە ؟!

هەموو بەیەک دەنگ ووتیان ؛

- تازە باسمان دەکردی ، ئەشەدوبیلا ئەمەیان ئیشی تەواوە . ئەگەر مانگ هەڵبێ حەوجە بە ئەنگوستە نی یە .

قەڵەمەکەی لەسەر باخەلی دەرهینا و دایە دەستم و ووتی ؛

- کوڕی خۆم یەکی دەدینارێ یان لێ بستێنەو لە بەرامبەر ناو یان ئیشارەتێ بۆ بدە ؟

لەجێی خۆیان هەڕەسان ، بەسەر سوڕمانەوە ووتی یان :

- ئەم دەدینارە چی یە سەعید ؟!

ووتی :

- ئەی نابینن کرێکارم لەسەر ئەرکی خۆم بۆ چەقاندنی دارتێلەکان گەرتووە ؟

هەندێک خۆیان هێناوبرد ، بەڵام هیچ سوودی نەبوو ئەمری خوا ڕەزای حەق . بەدەدینار لەدەستی بێ کارەبایی ڕزگاری یان بێت خراپ نی یە . دەستی یان بردەوە باخەڵ و یەکی دەدینارێ یەکی مۆڕی یان وێرکرد .

چەند ڕۆژێک بەسەرچوو ، کەس بەلای دارتێلەکاندا نەهات و قۆرتەکانیش هەروا مانەوەو منالان یاری یان لەناو دەکرد . ڕۆژێک باوکم هەر لەسەر ڕێگای خۆی یەوە ، سەرێکی بەدایەرەی کارەبا داگرتبوو و خۆی گەیاندبووە لای جەنابی بەڕێوەبەر و پێی ووتبوو :

- قۆرتەکانتان بە ئێمە لێ داو بەم سەری مانگە بێ پارەو پوولتان هیشتینەوە . کەچی دارتێلەکان هەر لەجێی خۆیان کەوتوون وکەس نەهات بەلایانەوە .

بەڕێوەبەرلەقسەکانی باوکم سەری دەشکوڕمێ و دەڵێ :

- چۆن شتی وا بووە ، من بەدەستی خۆم پارەم لەمیزانیی یەی دایەرەکەمان بۆ کرێکارەکان سەرفە کردووە .

هەر ئەو ڕۆژە ، باوکم بە تووڕەیی هاتەوە ماڵێ ، لە ڕقان هاوی عەردی نەدەدیت ، پتت لێ بدابا شەقی دەبرد ، لەو سەری ژوورەکە بەخێرایی دەچووە ئەوسەری تری و لێوەکانی خۆی بەقینەوە دەکرۆشتەوەو لەبەردەم خۆی دا دەیووت :

- ئەم سەگ بابە چاوی بەهیچ تێرنابێ ! ئەوەتا کرێکاری لەسەر حسێبی دایەرەی کارەبا گرتووەو پارەکەش بەئێمە دەدا . بەدەم

قسەکردنەوە چووە دەرێ و ووتی؛

- هەر ئێستا تێر شەقی دەکەم ، ئێمە ئەم قورمسا غەمان کردۆتە موختاری گەڕەک هەتا یارمەتیمان بدات نەک ئەو پـــــارەو پوولەی هەشمانە بە فێڵ وفڕ لەباخەڵمان دەربێنی .

ئەم قسانە لەلای سەعید زەبۆکە بای دێ ، خۆی لەهەزار ئـــاو داوەو قاچی تەڕنەبووە !!

هەمووی سەعاتێکی نەبرد ، باوکم لەگەڵ سەعید زەبۆکە بەیەکـــەوە بە پێکەنین هاتنە ژوورەوەو لەسەرەوەی ژوورەکە دایناـــ . دوای ئەویش ڕەحمان سەروپێ و حاجی حوسێن و ڕەفیقی چایەچیش هاتنە ژوورەوە .

بێ ئەوەی سەعید داوای پارەیان لێ بکاتە . دەستی یـــان بـــۆ باخەڵی یان بـردەوەو یەکـی هەشتە دینارێ کەشی یان دەرهێنـــاو لەدەستی سەعیدیان کـرد .

کـەر لەکـوێ کەوتی یەو کوندە لەکـوێ دڕاوە !! کەباوکم چـــووە دەرەوە دڵـم لەسەدو بیست لـۆێ دەدا ، چاوەڕێی ئەوە بـــــووم دەنگ لەکـولان بەرز ببێتەوەو سەعیدو باوکم تێکە بئاڵـــین و پارەی خۆی و خەڵکـی گەڕەکی پێ قـا بکاتەوە . کەچی ئەوجـــارە بەدەستی خۆی ڕایکێشا ژوورەوەو خـۆیان بۆی تاڵان کردە . بـــــۆ ڕدێـن چـوو سمێڵیشـی لەسەر دانا .

دیسان وەکو جاری پێشوو یەکە یەکە کەوتنە ستایشی و دەیانووت ؛

- ئەگەر تۆ نەبیت ئاوەکەمان نابێتە . ئەویش خـۆی گران کردبـوو دەیـــووت ؛

- چۆن کارەبایەکـەم بۆ هێنان ئەوهاش ئاوەکەتان بۆ دێنم .

ئاو بۆ گەڕەك دێنێ

دووای ئەوەی خەڵکی گەڕەک یەکی هەشت دینار ی تریشی یان دا سەعید زەبۆکە بۆ کرێی قۆرت لێدان و هێنانی ئاوەکە بۆ گەڕەک . هەموو ڕۆژێک چاوەڕوان بوون ، پێ یەکی یان لەماڵەوە بوو ، پێ یەکەی تری یان لەلای سەعید بوو . لەهێنانی ئاوی یان دەپرسی . ئەو جارەشی یان وەکو جاری پێشوو بەبێ ئەوەی بزانن چی تیا نووسراوە ، مەزبەتەکەیان بۆی مورکردبوو .

لەمەسەلەی کارەبایەکە باوکم دەرسی وەرگرتبوو ، سیقەی بەسەعید نەمابوو کە ئیشەکە بەتەواوی و بێ فڕوفێل دەکات بۆیە هەر زوو خۆی گەیاندە دایەرەی ئاوو لەسۆراخی مەزبەتەکەی پرسی یەوەو مەسەلەی هەشت دینارەکەشی لە لێپرسراوی ئاو پرسی بوو . قەت سەعید نەبووە قسەی ڕاست دەرچێت . لێپرسراوی ئاو بە باوکمی ووتبوو لەسەر قسەی ئێمە ئەو هەشت دینارەی لەئێوە وەرگرتووە ، چونکی پارەمان نی یە کرێکارتان بۆ بگرین . ئێوەش خۆتان لەناو مەزبەتەکە ئامادەیی خوتان پێشان دابوو .

دووای چەند ڕۆژێک دەست کرا بەعارد هەڵکۆڵین و بۆڕی یان بەناو بڵاوکردەوە .

خەڵکی گەڕەک کەیف ساز بوون . ئەو ڕۆژە ناو هەر ناوی سەعید بوو . کێ موختاری وای لەگەڕەکەیدا هەیە ئێمە نەبیت ؟ ئەگەر ئەو نەبوایە ئێستاش دەبا هەر یا لێلی بلێین !!

عاردەکەیان هەتا بەردەرگای ماڵی سەعید هەڵکۆڵی و بۆڕی یان تیا بڵاوکردەوە . لەوێوەش ڕێزە بەلوعەیەکی یان تۆی خست و لێی گەڕان .

خەڵکی گەڕەک سەرسام بوون . دەتووت ماڵی سەعید بۆتە مزگەوت بەس ڕێزە ئاودەستە خانەیەکی نوقوستان بوو .

ئەمەش ئۆیڵێکی تری ئەم قورمساغە . دیسان باوکم یاغر یاغر

ڕۆیشتەوە دایەرەی ئاوو لەم بارەیەوە لێ یانی پرسی • پێ یان ووتبوو ئێوە خۆتان واتان داوا کردووە و سووچی ئێمەی تیانی یە• بۆ زیاتر دڵنیابیش مەزبەتەکەیان پێشان دابوو •

هەرچەندە ئەم سەعیدە ، کابرایەکی ساختەچی وەک خـــــۆی نەبوو لەقۆڵ بڕی و تەڵەکەبازی و درۆزنی دا هاوتای نەبوو بـــەڵام خـــۆ توانی لەماوەیەکی زۆر کـەم گەڕەکەکەمان ئاوەدان بکاتەوەو ئاوو کارەباو شەقامی قیرتاوی بـۆ ڕابکێشێت .

بۆیـە زۆرکەس لەجیاتی گەڕەکی موفـتی دەیان ووت سـەعیداوە !!

سەعید زەبۆک کەزانـی گەڕەکەکە بەهۆ زۆری دەڕواتەو هەتـا دێت دانیشتوانی زیاد دەبێت و ئیشو کاریشیان لەبـن نایـــەت بۆیـە لەپەیمانەکـەی پەشیمان بۆوەو دەستوورێکی بۆ ڕاپەراندنـی کارەکانی و وەرگرتنی پـارە لەخەڵکـی گەڕەک دانا . لیستەیەکـی لە دیوەخانەکەی هەڵواسـی و تیایدا نرخی بۆ هـەر جۆرە کارێـک دانابرو ، بەپێی جـۆری کارەکەو گرنگـی و بێ بایەخی . پارەیەکی یەکجـار زۆری لەو کەسانە وەردەگرت کە داوای ئیجازەی هێنـان و ناردنـە دەرەوەی کەل و پـەل و کڕیـن و فرۆتنی قوماشو وەکالەتی فرۆتنـی بیبسـی کۆلاو سیڤن ئەپ و توراوبی یان دەکرد . ئـــــەو کەسـەی ژنیشـی بهێنابایە دەبوایە قوتویەک چوکلێتی لەگـەڵ دوو دینار بۆ ببـاتە ماڵەوە ئەوجـا مۆری بۆ لێ دەدا . تەنیـا ئـــــەو مەعـامەلەی کە نرخەکـەی نەگۆرابوو و هەروەکو خـۆی مابـــــۆوە دەرهێنانی شەهادەی مردن و لەدایک بوون بوو .

هـەزار خوزگـە بەکفن دز !! خـۆ موختاری کـۆن بت ناسیباو نـــەت ناسیباو هـەرچی ئیشکیشت هەبوایە هـەر نیودینارەکەی لـــــێ وەردەگـــرتی .

خەڵکی گەڕەک ڕقو کینەیان گەیشتە سـەر لێوان و وەکو بـورکـــان بەڕوویدا تەقینەوەو دەنگـی ناڕەزایی یان دژی بـەرز کـــــردەوەو لـــۆی نەگەڕان هەتا لەموختارەتی یان خستە .

چۆن من و سەعید عەردمان بەیەکەوە کڕی!

کە گەورە بووم و ژنم هێنا ، زۆر حەزم دەکرد لەژیانی سەعید زەبۆک بگەم و لەنزیکەوە ببیناسم . دوای لێ کەوتنی لە موختاریێتی ، خووی خۆی دایە خانوو دروستە کردن و هەر خەریکی خانوو کردن بوو بۆ فرۆشتنەوە . زۆربەی عەردە بەتاڵەکانی گەڕەکەکەمانی کڕی یەوەو کردنی یە خانوو و بەپارەیەکی باش فرۆشتنی یەوە . مرۆڤ هەتا خانوێک دەکات بڕبڕەی پشتی لەگەڵ دەچەمێتەوە کەچی ئەو لەلای وەکو ئاوخواردنەوە وەهابوو ، بەلای کەمی ساڵی دووسێ خانووی تەواو دەکردو دەیفرۆشتەوە .

ئەوەندەی خانوو لەگەڕەکی موفتی دروست کردبوو هەتا وای لێهات ناوە ئەسڵی یەکەی بزرکردو بە سەعیداوە ناوبانگی دەرکرد . لەبەر ئەو عەردی بەتاڵ بەبەر دەستی کەس نەدەکەوت . وەکو خدری زیندە لەسەر هەموو عەردێکی بەتاڵ حازر بووە . بۆ سەر هەر عەردێکی بەتاڵ بچوبای دەیانووت هی سەعیدەڤ ئەو کڕیویەتی . زۆر جاران بەخاوەنەکەیان باوەڕنەدەکردو دەیانووت عەردی سەعیدە . قوڕ بەسەری ئەوکەسەی عەردی لەگەڕەکی موفتی بوایەو لەبەر بێ چارەیی بی ویستبا بیفروشێتەوە ! خۆ بۆی مردار دەکردەوەو هەتا ئەو نەی کڕیبا کەس خاوەنەکەی نەدوزی یەوە . هەر هیچ نەبا ڕۆژی یەک دوو جاران بەسەری دەکردەوەو بەپانی و درێژی یەکەی دەهاتەو دەچوو و بەفووتەو قایش فووت دەی پێوا ، گوایە هی خۆیەتی و دەیەوێ بیکاتە خانووە ئەم خەڵکەش ئەوەندە دلساف و ساویلکەو بێ غەل و غەش و خۆش باوەڕن بەهەموو شتێک باوەڕدەکەن . منیش لەبەر دووشت دەمەویست لەگەڕەکی موفتی خانوو بکەم ، لەبەر نزیکی مانڵی باوکم و زیاتر ناسینی سەعید زەبۆک .

ماوەیەکی زۆر گەڕام و سووڕام هیچ عەردم بەدەست نەکەوت کەبیکڕم . هەر عەردێکم دەدیتەوە دەیانووت هی سەعید زەبۆکە .

هەرچەندی بیرم لێ دەکردەوە ، نەدەچووە ئەقڵم ئەم سەعیدە پارەی کڕینی ئەو هەموو عەردانەی هەبووبێت . بۆیە زیاتر لە جاران ئومێدم پەیدا دەکردو بەسەر هەموویاندا دەسوڕامەوە .

چەند جارێک بەسەعیدم ووت ئەگەر عەردێکی بەتاڵ لەگەڕەکەکەی خۆمان شک ببات پێم بڵێ هەتا بەتەنیا یان بەیەکەوە بیکڕین و بیکەینە خانوو. بەڵام هەموو جارێک دەی ووت هیچ خۆت ماندوو مەکەو لێرە مەگەڕێ ، لێرە هیچ عەردێک بۆ فرۆشتن نەماوە ، ئەگەر هەبوایە لەمێژبوو من دەمگرت .

مەگەر بڵێ خوا بەحەقە پۆی بڕوابکەم دەنا هیچ . ساڵێک بوو بەدەورەی پارچە عەردێکی پشت ماڵی باوکم دەخولاوە ، ڕۆژی دەستەیەک خەڵکی گەڕەکی دەهێنا سەرو مشاوەرەی دەکردن کە چ جۆرە نەخشەیەکی بۆ باشە . لەهەموو خەڵکی گەڕەک و لەمنیش هەروابوو کە ئەمیشی کڕیوەو دەیەوی بیکاتە خانوو. کەچی بەم دووایی یەکێکی تر خانووی لەسەر بەرز کردەوە ، کەلێیم پرسی ووتی ساڵێک زیاتر بوو ئەم عەردەم هەراج کردبوو ، کەس عانەیەکی پێ نەدا ناچار بووم وازی لێ بهێنم و بۆخۆم بیکەمە خانوو .

منیش لێم پرسی ، ئەی ئەم عاردە هی سەعید نەبوو ؟!

ئاهێکی درێژی هەلکێشاو بەخەمەوە ووتی:

- ئەدی هەر ئەو ناڕەسەنە نەبوو کڕیارەکانی فرێودا و پشتی منیشی شکاند .

بەپێکەنینەوە پێم ووت :

- نازانی مەبەستی چی بوو ؟

ووتی:

- چۆن نازانم ، چەند جارێک هاتە لام و نرخێکی زۆر کەمی پۆی داو دەیویست بەخوڕایی لەدەستم دەربێنێ منیش بەو نرخە پێم نەفرۆشت . نەشم زانی لێم مردار دەکاتەوەو خۆی دەکاتە خاوەنی هەتا کەس لێی نزیک نەکەوێتەوە .

ڕۆژێک دەمی نیوەڕۆ بوو لەدایەرە دەهاتمەوە، سەعید زەبۆکم لەسەر پارچە عەردێک لەنزیک مالّی باوکمەوە بینی لەگەڵ پیاوێکی عەرەب ڕاوەستابوو قسەی دەکرد. هەنگاوەکانم بچوک کردنەوەو گوێم قوڵاخ دا ، لێ یان نزیک کەوتمەوەو بە بیانووی سڵاوکردن سەرنجی قسەو ئیشارەتی دەستی یانم دەدا ، دیار بوو ئیشارەتی بۆ ئەو عەردە دەدا کەلەسەری ڕاوەستابوون و دەشی ووت ! ڕووبەرەکەی زۆر گەورەیە بەهەموکەس ناکرێدرێ ، خەڵک هەژارەو مەتری بیست دینار یش بەدەم خۆشە .

کەدوورکەوتمەوە ڕاوەستام و سەیرم کردن هەتا لەیەک جیابوونەوە. ئەوجا قاچێکم کردە دووان و وەکو مامز خۆم گەیاندە پیاوە عەرەبەکە . مالّی لەنزیک عەردە بەتالّەکە بوو ، خۆی پیاکردە ژوورەوە ، منیش دوای ئەو بە چاو قوچانێک گەیشتە جێ . هەندێک خۆم خافلاند ، دوای تۆزێک لەدەرگام دا . پیاوەکە هاتە دەرەوە و ووتی؛

- چیت دەوێ ؟

ووتم :

- وەکو زانیبێتم تۆ عەردت هەیە بۆ فرۆشتن . ووتی؛

- بەڵێ ئەو عەردەی تۆزێک پێش ئێستا لەگەڵ سەعید لەسەری وەستابووین و تۆش سڵاوت لێ کردین هی منەو دەیفرۆشم .

ووتم :

- من کڕیارم بەچەندی دەدەی ؟

ووتی :

- تا ئێستا سەعید هەژدە دینارێ پێ داوە نەم داوەتی ، تو مەتری بیست دینارم بدەرێ و موبارەکت بێ .

ساڵێک زیاتر بوو بەدووای پارچە عەردێکی ئەوهادا دەگەڕام ، ئەم سەرو ئەوسەری گەڕەکەکەمانم کرد لە سی دینار کەمتر کەس عەردی پێ نیشان نەدەدام . کەگوێم لەبیست دینار بوو

لەخۆشی یاندا شاگەشکە بووم ، هەزار دینارم لابوو بەبێ
سێ و دوو دامەدەستی و ووتم:
- ئەم هەزار دینارە پێشەکی و ئەوەی تریشت دووایی بۆ دێنم .
پارەکەی وەرگرت و ووتی:
- خێرێی لێ ببینی .
ئەوەی پاستی بێت ، عەردەکە شەش سەد مەتر بوو ، منیش پارەی
ئەوەندەم لەتوانادا نەبوو بۆیە بیرم لەوە کردەوە کەخۆم
بگەیەنمە لای سەعید زەبۆک و بیکەمە شەریکی خۆم .
چوومەلای و بە پێکەنینەوە پێم ووت :
- زۆر لەمێژە عەودالّی عەردێکم لەو گەرەکەی خۆمان بەلاّم دەستم
ناکەوێ ، ئەی تۆ ؟
ووتی :
- کووا عەرد لێرە دەست دەکەوێ ؟! ئەی نابینی منیش شەووڕۆژ
پاوەستانم نی یە و دەسوڕێمەوە کەچی هەتا ئێستا بستە عەردێکم
نەدۆزیوەتەوە .
ووتم :
- دەلّێی چی ئەگەر من پارچە عەردێکم لەو نزیکانە کریبێت و
بەشی تۆشی لێ بدەم ؟
چاوی زەقە بۆوەو دەمی بستێک بەش بۆوە ، تووکی سەری وەکو
قامیش بۆ ئاسمان بەرز بۆوە ، زیاتر هاتە پێشەوەو ووتی :
- چی ؟! عەردت لەو گەرەکەی خۆمان کڕیوە ؟
ووتم:
- بەلّێ:
ووتی:
- ڕووبەرەکەی چەندە ؟
ووتم:
شەش سەد مەتری ڕێگە:

هەر ئەمەندەم ووت ، بەهەردوو چەپەڵۆک کێشای بەسەری خۆی دا و ووتی :

- قوڕم بەسەر ، ناکات عەردەکەی لەمەڕ عەبدول ستار بێت ؟!

ووتم :

- بەڵێ خۆیەتی ، چۆنت زانی ؟

دەمی تێک ئاڵا ، نەیزانی چۆن وەڵام بداتەوە ووتی :

- مەتری بەچەند حسێب کرد ؟

ووتم :

- بیست دینار .

هەردوو دەستی کێشا بە ئەژنۆی خۆی دا و بەدەنگێکی بەرزەوە ووتی:

- تێکت دا ! پارەیەکی زۆرت پێی داوە . ئەوە چەند ڕۆژە من لەبن سەری دەخوێنم کەبە هەژدە دینار لەبن دەستی دەربهێنم بەڵام تۆ ئەم دوو دینارەت لەخۆرایی بۆی زیاد کرد !!

ووتم :

- قسە هەزارەو دووانی بەکارە . من نامەوێ وەکو تۆ هەر بۆخۆم بژیم . قەیناکات بەشی تۆشی لێ دەدەم. ئێستا نیوەییت دەوێتەوە یان نا .

تۆزێک تێکچوو ، دەستەکانی گرتم و بەرەو ژوورەوەی کشاندم. ووتی :

- ئەی چۆن نامەوێ ، زۆر سوپاسیشت دەکەم ، ئەگەر ئەو عەردەم لەدەست بچێ لەسەر ساجی عەلی دەمێنمەوە .

هەر بۆ ئێوارە بەیەکەوە چووینەلای عەبدول ستارو باقی پارەکەمان داپۆی .

لەڕێی هاتنەوە زۆر ستایشی خۆی کردو ووتی :

- خوا دەزانێ بەقەد هەموو منالەکانم خۆشم دەوێی ، من بۆ قازانج و بەرژەوەندی تۆ ئەم عەردەم لێ شاردیتەوە ، زانیم خۆت پێ ناگیرێ و نرخەکەی بەرز دەکەیتەوە . ویستم بەهەژدە دینارەکە لەبن دەستی دەربهێنم و بتکەمە شەریکی خۆم لەنیوەی .

وویستی فیلم لێ بکات

مامان زۆر لەمانی زەبۆکەوە دوورنەبوو . لەگەڕەکی باداوە بووین . ڕۆژی پاشتر کەعەردەکەمان بەیەکەوە کڕی ، بەیانی زوو ، هێشتان ئاسمان هەر تاریک و ڕۆن بوو ، تازە دەمێک بوو مەلای بەیانی بانگی دابوو ، یەکێک لەدەرگای دا . خەوم زۆر خۆش بوو ، هەندێک خۆم هێناو برد . وێستم هەستمەوە ، خەو چاوەکانی بەرنەدام و خەوتمەوە . ئەوجارەیان بەتووندی لەدەرگا درایەوەو بەدەنگێکی بەرز بەناوەکەم بانگی کردم و ووتی؛

ـ دەرگاکە بکەوە ، خۆمانین ، ئیشێکی بەپەلەم پێتە . شەیتانم بەنەعلەت کرد ، لەخەو هەستام دەم و چاوم شوشتەو دەرگای حەوشەم کردەوە . بینیم سەعید زەبۆکە . کیسەیەکی نایلونی پڕ لەپارەی بەدەستەوەبوو ، دایە دەستم و بەتەنگە نەفەسی و هەناسە سواری یەوە ووتی؛

ـ ئەو سەگبابە نارەسەنە درۆی لەگەڵ کردین و لەفرۆشتنی عەردەکەی پەشیمان بۆتەوە . ئەوەش پارەکەی تۆ ، بەڵام هیچ خەمت نەبێ ئەو عەردە نا عەردێکی تر ! پارەی خۆمان دەدەین و مەلا لەمزگەوت دەردەکەین .

سەری خۆم لەقاندو پێکەنینم بەقسەکانی دەهات ، وام دەزانی گوێزم بۆ دەبژێری . وادەزانی نێچیرێکی نەزان و نەفامی بەر دەستە کەوتووە . نازانی من دەزانم چەند مووی بە سەرەوە هەیە و ئەو قەسپەی ئەو دەیخوا ناوکەکەی لە باخەڵی من دایە ! مەگەر هەر لەمنالی یەوە شارەزای فڕوفێڵەکانی نەبووبم . بۆیە یەکسەر زانیم ئەو ماستە گوریسێکی تیدایە . پارەکەم فڕێ داوە دەستی و ووتم ؛

ـ من عەردم لەتۆ نەکڕیوە هەتا پارەکەم بدەیتەوە ، من عەردم لەعەبدول ستار کڕیوەو پارەم داوەتە دەستی ئەو هەتا ئەو

نەبینم هیچ ناڵێم . هەرچەندی خۆی هێناوبرد ، ویستی ڕازیم بکات بەڵام بێ سوود بوو . لەخەمان خەو نەچووە چاوەکانم ، لەگەڵ دەرهاتنی ڕۆژ خۆم گۆڕی و بێ نان خواردن چوومە دەرێ و بەخیرایی خۆم گەیاندە ماڵی عەبدول ستاری خاوەن عەردو گلەیی پەشیمان بوونەوەکەییم لێی کرد . پیاوە وەختابوو دڵی ببورێتەوە لەقسەکانم سەری سوڕمابوو . نەی دەزانی شادە بە قسەی کام لامان بێنی ! ووتی ؛

- شەیتان بە نەعلەت بێت ، تۆ چی دەڵێی و سەعید چی دەڵێ ؟! ئەمشەو سەعیدو ژنەکەی هاتنە ماڵمان و ووتی یان گوایا تۆو ژنەکەت لەسەر کڕینی عەردەکەی من لێتان بۆتە دەمەقاڵی ، ژنەکەت ووتوویەتی عەردمان لەم نزیکانە ناوێ تۆش ووتووتە ، قسەیەکەو کردوومە لێی پەشیمان نابمەوەو سێ بەسێ تەڵاقیشت فڕێ داوە کەپارەکەت لەمن وەرگریتەوە . گوایا سەعیدو ژنەکەشی ووتوویانە ، ئێمە ناوبژیمان کردوون و لەسەر ئەوە ڕێک کەوتووین کەخۆمان بەشە عەردەکەی ئەویش هەڵبگرینەوە هەتا سوبندەکەی لێ نەکەوێت .

کە ئەمەی ووت عەجایەبم پێ هات ، چۆن ئەم جگ سزە شتی وای بۆ ڕێک خستوومە . سوێندم بۆی خوارد کەئەمشەو نە سەعیدو نە ژنەکەشیم نەدیتووە . من و ژنەکەشم هیچ دەمەقاڵیهان نەبووەو پەشیمانیش نەبوومەتەوە . ئێمە لەم قسانەدا بووین ، سەعید زەبۆک وەکو لەعەیبی خۆی گەیشتبێ بەپێکەنین هاتەلامان . عەبدول ستاری خاوەن عەردیش چەنگە تفێکی تێ گرتەو بەدەنگێکی گەورە ووتی ؛

- مەلعون شەرم ناکەیت ، ئەم درۆو دەلەسانە بۆ ئەم بەستەزمانە ڕێک دەخەیت . بۆ خۆت بمریت باشتر نی یە لەو حاڵە؟ دەوەڵامی ئەگەر ئەو پازی نەبێت بستێک عەردت پێ نافروشم .

لەبەرئەوەی توانای کڕینی هەموو عەردەکەم نەبوو ، بۆیە بە

ناچاری لەگەڵی مامەوەو ناوی خوامان لێ هێناو دەستمان کرد بە جێ بەجێ کردنی بەناوکردن لەدایەرەی زەوی و زارە عەردەکە دوو ڕووی لەسەر شەقامی گشتیی بوو ، بۆیە بڕیارمان دا بیکەینە چوار بەشو دوای تەواوکردنی مەعامەلەی ئیفراز هەر پارچەی لەسەر ناوی یەکێکە دابنێین و چوار دایەرە خانووی خنجیلانەی لەسەر دروست بکەین .

سەعید زەبۆک بەشە عەردەکەی خۆی لەسەر ناوی دوو کچی خۆی دانا ، منیش پارچەیەکم لەسەر ناوی خۆم دانا و پارچەکەی تریشم لەسەر ناوی برام دانا .

هیشتان مەعامەلەکە تەواو نەبوو بوو ، پلانێکم بۆ دەستپێ کردنی خانووەکان دانا بەهیوای وەرگرتنی سلفەی عەقاری . چونکە دوای کڕینی ئەو پارچە عەردە هیچ پارەیەکی وام بە دەستەوە نەما کە خانوێکی پێ تەواو ببێت .

هاتووچۆمان بۆ دایەرەی زەوی و زار

چەند ڕۆژێکم مۆڵەت لە دایرەکەم وەرگرت و لەگەڵ سەعید زەبۆک کەوتمە دوای مەعامەلەکەمەوە . لە بەڕێوەبەرایەتیی شارەوانی ئیشی مانگێکمان لەبەر خاتری من بەهەفتەیەک ئەنجام داو عەردەکە کرایە چوار بەشی یەکسان .

زۆر بە پەلەپووم بۆ وەرگرتنی سلفەی عەقاری بۆیە هەر ڕۆژێکم بەلاوە سالێک بوو. بەهەرحاڵ مەعامەلەی لێک جیاکردنەوەکەمان تەواو کرد ، تەنیا بەناوکردنەکەی لە دایەرەی زەوی وزار مابوو، ئەویشمان نیوەشڕ کرد . لەگەڵ سەعید زەبۆک و دوو کچەکەی و من و براکەشم لەژووری بەڕێوەبەر ڕاوەستابووین چاوەڕوانی بەناوکردن بووین . مەعامەلەکە لەسەر تەواو بوون بوو. لەناکاو هەر ئەوەندەم بینی بەڕێوەبەر هەستایە سەرپێ و هەتا هێزی لەبەردا بوو مستی کێشا بە میزەکەی بەردەمی و ڕووی لەسەعید کردو ووتی :

- سەعید خوا بتگرێ ئەمەشتت کرد ؟! دەتەوێ نان بڕاوم بکەیت . خاوەنی یەک سەر خێزانم دەتەوێ تووشی بەندیخانەم بکەیت ؟ منیش لەجێی خۆم هەپەسام و نەمزانی مەسەلە چی یە. دەبێ سەعید چ ئوینێکی تری نابێتەوەو چ کلاوێکی سەربە گورینگی لەسەری بەڕێوەبەری زەوی وزار نابێت .

ڕووم لەبەڕێوەبەر کردو ووتم :

- جەناب چی خراپی کردووە ؟

سەری خۆی لەقاندو ووتی :

- کوڕم تۆ هێشتان ئەم سەعیدە باش ناناسیت . نازانیت چ مانێکە. من کەئەم قورمساغە دەبینم ، لەترسان تام دێتێ بێ بەختیش سالّ وەختی سالّ بووە بەئاشنای ئەم دایەرەی ئێمەو کەس نەماوە لەمنالّەکانی و خزم و کەسو کاری پارچە عەردێکی لەسەر

دانەنابێت و نەیفرۆشتبێتەوە .

سەرم لەقسەکانی بەڕێوەبەری زەوی وزار دەرنەچوو پێم ووت ؛

- جەنابە ئەی بۆ لەسەر ناوی خۆی دانانێ ؟

بەپێکەنینەوە ووتی؛

- ئەفلاتوونە ، بەوەنی یە کە خەت و قەڵەمی لاوازە ، هەموو یاساکانی عیراقی ئەزبەر کردووە . هەتا داهاتانە نەدات بۆیە وادەکات . ئێستاش ئەگەر باخەڵی بنۆریت لەوانەیە وێنەی پەنجا کەسی تیا بێت ! .

بانگی فەڕاشەکەی کردو بەدووای جێگرەکەی و نووسەرەکەی دا نارد. کەهاتن ڕووی تێ کردن و هەر لەدوورەوە بەتووڕەیی یەوە پرسی ووتی ؛

- چەند جارم پێ ووتن لەئیشوکاری ئەم ساختەچی یە ووریا بن ، چاوێکتان بکەن بەدووان و زۆر باش لێی وورد ببنەوە ئەوجا بۆمی بنێرن ؟

جێگری بەڕێوەبەر ووتی؛

- لاخوابێت زۆریش ووریا بووینە ، لەسەرینایی ساختەی پارەکە لێی چاو ترسا بووینەو لەجیاتی جارێک دوو جاران بەئیشو - کاری ئەودا دێینەوە . بۆ هیچ هەڵەی تێ کەتووە ؟! بەڕێوەبەر بەتووڕەیی یەوە ووتی ؛

- هێشتان پێی دەوێ !! پەروینی کچی هێشتان هەژدە ساڵی تەواو نەکردووە ، کەچی ئیشوکاری لێک جیاکردنەوەکەتان بۆی ڕواندووەو تەواویش بووە . کەمێکی مابوو ئیشوکاری بەناوکردن و دابەش کردنەکەش تەواو ببێتە قوڕی دونیامان ببێ بەسەردا و مالّمان کاول بێ !!

جێگری بەڕێوەبەر ڕووی لەسەعید کردو ووتی؛

- سەعید ئەمەشت دەزانی ؟!

سەعید زەبۆک بەپێکەنینەوە ؛

- جا ، کێ ووتوویەتی کچەکەی من هەژدە ساڵی تەواو کردووە ؟
جێگری بەڕێوەبەر بەسەر سوڕمانەوە !
- دیارە دانیشی پیادا دەنێی ؟
سەعید زەبۆک بەبێ ئەوەی هیچ خۆی بشێوێنی ووتی !
- کچی خۆم نی یە ، چۆن نازانم تەمەنی چەندە ؟
جێگری بەڕێوەبەر !
- ئەی کەئەمەت دەزانی بۆچی دەنگت نەکرد ؟
سەعید زەبۆک !
- من چووزانم ئەمە نابێ !
جێگری بەڕێوەبەر ڕووی لەبەڕێوەبەر کردو ووتی!
- مەگەر تەزویری کردبێتە . ئەگینا چۆن شتی وا لەسەرم ڕەتەدەبێ .
خوا نەبێ کەس دەرەقەتی ئەم عفریتە نایێ !!
بەڕێوەبەری تاپۆ هەمووی بەری چەند مانگێک بوو بەکەفالە
لەتەوقیفە بەربووە. لەسەر ئەوەی مەعامەلەیەکی کڕین وفرۆشتنی-
یان جێ بەجێ کردبوو ، بەبێ ئەوەی خاوەنەکەی ئاگای لێ
بووبێتە . دووای ماوەیەک کەخاوەنەکەی دەچێتە تاپۆ داوای قۆچا-
نەکەی دەکات پێی ڕادەگەیەنن کەقۆچانەکەی لەسەر ناو نەماوەو
بەناوی یەکێکی تر تۆمار کراوە. پیاوەی خاوەن مولکیش داوای
لەسەر بەڕێوەبەری تاپۆ بۆ دادگا بەرزکردبۆوە . ئەوەبوو
بەڕێوەبەری بەستەزمانی یان خستە ژوورەوە بەبێ ئەوەی لەو
موخالەفەیە مەبەستی هەبووبێ هەڵەی بەڕێوەبەر لەوەدا بووە
لەدەم و چاوی ئەوکەسە وورد نەبۆتەوە کەئیمزای لەجیاتی
خاوەن قۆچانەکە لەبەردەمی کردبوو .
بەکورتی ئەوەی لەو مەسەلەیەدا هەبووەو نەبووەئەوەبوو پیاویکی
ساختەچی وەکو سەعید زەبۆکی لەمەڕ خۆمان خۆی کردبۆوە خاوەن
مولکە ئەسڵی یەکەو لەجیاتی ئەو لەهەموو شوێنێکی مەعامەلەی
کڕین و فرۆشتنەکە ئیمزای کردبوو بەبێ ئەوەی فەرمانبەرانێ و

بەڕێوەبەری تاپۆ کەسی یان شک بکەن . جا لەبەر ئەوە بەڕێوەبەری تاپۆ هێشتان بریندی کۆنی سارێژ نەبوو بوو. کە ئەم ساختەیەی سەعیدیشی هاتە سەر هۆشی لەکەللەی دا نەما .

ئۆقرەی لەبەر برا ، دەتووت جیوەی تێ کراوە. قوونی لەسەر کورسی یەکەدا تۆتکەی نەدەگرت . وەکو سپرینگ لەجێی خۆی هەڵدەزەقی یەوەو لەبەردەمی خۆی هەر پڵتەی بوو. نەشی دەزانی چی بکات .

ئەم سەعید زەبۆکە ، ساختەچی یەکی ئەوەندە زانایە ، کەڵاو لەسەری هەزار کەس دەنێت بەبێ ئەوەی لەزمەیەکیش بداتە بەدەستەوە .

بەڕێوەبەری تاپۆ هەر چاوێکی کردبووە دەچاوو وورد و درشتە چەند جارێک بەفایلەکەدا هاتەوە. ئارەقەی سوورو شینی بەدەردا بوو . چاوەکانی لە تووڕەیی یان سوور هەڵگەڕابوون . نیو جەوانی ئاگری لێ دەباری . ڕووی لەسەعید زەبۆکە کردو ووتی؛

ـ سەنعاتەکە ڕەزیل بووەو وەزیفە لەنیوچەوانی دوو ساختەچی وەکو تۆ خێری پێوە نەماوە .

ڕووی لەجێگرەکەی کردو ووتی ؛

ـ ئەوکاتەی کەلەسەر ساختەی پیاوەکەی پێشوو هاتمە گرتن ئەگەر خۆم خانەنشین بکردبا ئێستاش دووچاری ئەم ساختەچی یە نەدەهاتم !!

ڕووی لەئێمە کردو بەتووڕەیی یەوە ووتی ؛

ـ بڕۆن هەتا شەش مانگی تر نەبەنەوە بۆرە ؟

منیش بەسەرسوڕمانەوە وتم ؛

ـ جەنابە سووچی من چی یە ، ئەو ماوە دوورو درێژە بۆ چاوەڕێ بکەم؟! ووتی ؛

ـ بۆ لەمن دەپرسی ؟ لەسەعید بپرسە. ئێوە ئەم پارچە عەردەتان بە شەراکەت کڕیوەو دەتانەوێ بەشی بکەن و لەیەکی جیا بکەنەوە ،

بۆ ئەم مەبەستەش دەبێ خاوەن هەموو بەشەکان تەمەنی یان لە هەژدە ساڵ کەمتر نەبێت ، تاکو توانای تەسڕوفی یاسایی یان هەبێت . جا چاوەڕێ بکە هەتا کچەکەی جەنابی سەعید هەژدەساڵ تەواو دەکات .

هەر لەوڕۆژەوە هەتا پەروینی کچی سەعید زەبۆکە هەژدەساڵی تەواوکرد ، دەتووت چاوەڕێی دەرچوونی بیتاقەی یانەسیب دەکەم . هەموو ڕۆژی خەتێکم بە ڕۆژ ژمێرەکەم دا دەهێنا .

لەو ماوەیشدا کەرەستەی خانووبەرە ڕۆژ بەڕۆژ نرخی بەرز دەبۆوە ، سەرباری تەنگ پێ هەلچنینم لەلایەن ئەو پیاوەی خانووەکەی پێشووی لێ کڕی بووم . هەموو ڕۆژێ دەیووت ئەوە چی بوو خانووەکەت هەر تەواو نەبوو . ئەوەبوو لەپەلەی خانوو چۆڵ کردن و لەترسی بەرزبوونەوەی نرخی کەرەستەی خانوو ، بە ناچاری پارچە عەردێکی یانم بەپارەیەکی کەم فرۆشتەوەو بە پارەکەی خانوێکی بچوکم بەبێ ئیجازەی بینا لەسەر پارچەکەی تر بەرز کردەوە .

چۆن خانوومان بەیەکەوە دروست کرد

بەیەک ڕۆژ هەردووکمان نەخشەی خانوومان لەسەر عەردەکان دارشت . هەریەکی چوار کرێکارمان گرتبوو بۆ هەڵکەندنی بناغەی خانوو. ئێوارە داهات ، کرێکارەکان دەستی یان لەکار بەردا .

هەرچەندە کرێی کرێکار ئەوکاتە چواردینارو نیو بوو بەڵام لەبەر ئەوەی کرێکارەکانی من زۆر خۆیان ماندوو کردبوو بۆیە یەکی پێنج دینارم دانێ . کرێکارەکان خواحافیزی یان لێ کردم و دوور-کەوتنەوە سەعید زەبۆکە هاتەلام و پرسی ؛

- چەندت بۆ حسێب کردن ؟

ووتم ؛

- پێنج دینار .

هەر ئەوەندەم ووت ، نەمزانی چۆن وەکو کەرۆێشک بۆی دەرپەڕی و کەوتە دوای کرێکارەکان و هەر چواری گەراندەوە لام و ووتی ؛

- نەخوا قەبوولی دەکات و نە پێغەمبەریش ئێوە ئەم نیودینارە زیادەیە لەم پیاوە وەربگرن . خۆتان دەزانن حەرامە وەکو چڵکی سەگ وایە . ئەگەر نەیدەنەوە بەئاگری جەهەندەم دەسووتێن. کرێکارەکان ڕوویان لەسەعیدکردو ووتی یان ؛

- حاجی بۆ حەرامە ، خۆ بەزۆری لێمان نەسەندووە ، ئەو خۆی شەو نیودینارەی زیاد دایناێ .

سەعید ووتی ؛

- چۆن حەرام نی یە ؟! هەرکەسێک لەحەقی خۆی زیاتر وەربگرێت حەرامە . ئەوە قسەی من نی یە ، شەرع وا دەڵێ . ئێوە موسڵمان نین ؟!

هەر چواریان بەیەک دەنگ ووتی یان ؛

- چۆن موسڵمان نینە ؟!

سەعید ووتی ؛

- ئەگەر موسڵمانن فەرموون بیدەنەوە ؟

سەرم لەم کردەوەی سەعید زەبۆکە سوڕما بوو ، هەرچەندی بیرم لێی دەکردەوە سەرم لێی دەرنەدەچوو .
لەبیری خۆم دەمووت ، لەوە ناچێ بۆ خاتری من لێ یان وەربگرێتەوە . پێم ووت :

- سەعید لێ یان بگەڕێ من خۆم ئەم نیودینارە زیادەیەم داونەتێ؟

لێم هاتە پێشەوەو ووتی :

- چۆن قسەی وادەکەی ، دەتەوێ پزقیان حەرام بکەیت ؟

یەکێک لەکرێکارەکان ڕووی لەوانی تر کردو ووتی :

- من ئەو نیودینارە نادەمەوە ، با حەرام بێت . ئێوەش ئارەزووی خۆتانە . ئەوانی تر دەستی یان بو باخەڵی یان بردەوەو یەکی نیودیناری یان بۆ ڕەت کردمەوە . هەندێک دوورکەوتنەوە ، کرێکارەکەی تریشیان ڕازی کرد ، ئەویش نیودینارەکەی بۆ ڕەت کردمەوە . زۆر بە کردەوەی سەعید قەڵس ببووم ، بەڵام دەستی ڕدێنە سپی یەکەییم شکابوو ، ئەگینا بەخۆییم دادەشکاندەوە .
پێم ووت :

- پێم ناڵێی تۆ حەقی ئەمەت چی بوو ؟!

ووتی :

- ئەگەر من حەقم نەبێ ، ئەی کێ حەقی هەیە ؟

ووتم :

- لەبەر چی ؟

ووتی :

- نازانی ئەمڕۆ نیودیناری زیادە بدەیتە ئەم کرێکارانە بەیانی لەلایان دەبێتە عادەتەو بە ڕۆژانەکەی پێشان کار ڕۆمن ناکەن . دیارە دەتەوێ ڕەوشتی یان تێک بدەیتەو زیان لەبەرژەوەندی من بدەیت ؟

ڕۆژێکی تر نیازی هینانی وەستاو کرێکارم هەبوو بۆ دیوارکردن، بۆیە تانکەرێک ئاوم کڕی و حەوزەکەم لێی پرکرد. بەیانی یەکەی

وەستایەکەم بەکاری تڕەوە خەریک بوو بۆیە ئەو ڕۆژەیان نەهات .
بۆ ڕۆژی دواتر هات . کرێکارێکی لەدووا ناردم و گلەیی یەکی
زۆریشی پێدا ناردبووم . گوایا ئاوم بۆیان دانەناوە .
سەرم لەگلەیی یەکەی سوڕما ، ئەمووی بەری دوو ڕۆژ بوو تانکەرێک
ئاوم کڕی بوو . بۆیە بەدڵنیایی یەوە چوومە سەرکارو ئەمەم پێی
ووت :

دەستی گرتم و بۆلای حەوزی ئاوەکەی بردم ووتی:

- سەیرکە ، هیچ ئاوی تیایە یان نا ؟

کەسەیرم کرد ، حەوزەکە چۆڕدرا بوو ، بۆ دەرمانیش دڵۆپێک
ئاوی لەنا و نەمابۆوە . بەدراوسێ کەمانم ووت :

- نازانن کێ ئەم ئاوەی بردووە ؟

ووتی :

- چما پرسی تۆی نەکردووە ؟

ووتم :

- کێ ؟

ووتی : لەسەعید زەبۆک زیاتر کێ هەیە ؟!
سەری خۆم لەقاندو زیاتر لەسەری نەڕۆیشتم . ئەو ڕۆژەیان
لەبەر بێ ئاوی زیانی ڕۆژە ئیشێکم لێ کەوت . چاوم چوبووە
پشتی سەرم ، ئاگرم لەنیوچەوان دەباری ، هەر لەبەیانی یەوە
هەتا درەنگ لە کۆلانێ دەهاتم و دەچووم ، چاوەڕێی ئەمەم
قورمساغەم دەکرد . پێش نیوەڕۆ بەدیارکەوت . وەکو بڵێی بە
عەیبی خۆی شک بردبێت بۆیە هەر لەدوورەوە بەپێکەنین
بەرەولام هات و پێشی لێ گرتمەوەو ووتی:

- دوێنێ کرێکارم هەبوو ، ئاویشم نەگرتبوو ، ئاوەکەی تۆم لەکار
کردو بەکرێکارەکانم ووت مااڵمان لەگەڵ یەک جیا نەکردۆتەوە ،
برای دینین . ناموسی لی دەربچێت بۆ هیچ خاوەن ماڵ نیمە .
بەدەست ئیشارەتی بۆ خانووەکەی خۆی کردو ووتی :

ـ ئەم خانووەش هەر خانووی خۆتە ، گەردەنت ئازاد نەبێت ئەگەر شتێکت پێ ویست شەرم بکەیت بیبەیت . لەڕاستی تۆ من خاوەن مالّ نیمە . ئێمە براینە برای دینین !!

دڵێکی زۆر حیزانەم هەیە ، بەدوو قسەی خۆش سارد دەبمەوە . ئەم قورمساغەش ئەوەندە زمانی لووسە نەبێتەوە . بەم قسە قەڵەوانە ، چۆن ئاو بەئاگر دابکەیت ئەوها ساردی کردمەوە . لەجیاتی هەڕەشەی لێ بکەم و بۆ هەموو خەڵکی گەڕەکی تەمبێ خواردی بکەم ئەوەبوو ئەمجارەیان ڕێشم پڤی دا کەهەر شتێکی بیەوێ بیبات .

بۆ ڕۆژی دوواتر ، دەرسم لەئاو دزینەکەی پێشتر وەرگرتبوو بۆیە تانکەرێک ئاوم کڕی و بەیانی زوو لەگەڵ خۆم هینامە سەر ئیشەکەم . کەچووم بینیم وەستاو کرێکارەکانم چاوەڕێم دەکەن . خاکەناسو عەرەبانەو کەرەستەی کارکردنی یان ئامادەکردبوو ، بەس ئەوەندەی مابوو دەست بەکاربکەن . تانکەرە ئاوەکەمان بەتاڵ کردە ناو حەوزەکە . وەستاش دوو کرێکاری نارد ڕووڕەوە هەتا چەمەنتۆ بهێنن و خەفتە بگرنەوە . لەکۆڵانێ لەپێش خانووەکەم لەگەڵ شوفیری تانکەرەکە ڕاوەستابووم **قسە** مان دەکرد ، ئوێم لێ بوو ، کرێکارێک بەوەستای دەووت هیچ چەمەنتۆی لێ نییە . کەئەوەم گوێ لێ بوو ، ئیمانم لەکەللەدا نەما ، وەختبوو لە داخان شەق ببەم . سالّێکی نەهاتە بەدەست ئەم سەعید زەبۆکەوە ، ڕۆژێک ئاوەکەم دەدزێ و ڕۆژێکی تر چەمەنتۆ . خوانەبێ کەسنازانێ بەیانیش چی ترم لێ دەدزێ .

چوومەلای وەستاو پێم ووت :

ـ ئەگەر بەیەکەوە چەمەنتۆکەمان لێرە دانەگرتبا لەوانەبوو پێت باوەڕ نەکردبام ؟!

هەرچەندی گەڕاین و سوڕاین هیچ چەمەنتۆمان نەدیت . چوومە سەر خانووەکەی سەعید زەبۆکە . لەدڵی خۆم ووتم (هەبێ و نەبێ

ئەو قورمساغە شازدە قەزناغی یە ئەم کەتنەشی کردووەو چەمەنتۆ کەشی وەکو ئاوەکە لووشی یە). هەموو کون و کەلەبەرێکی خانووە - کەییم پشکنی یەوە ، تۆزی چەمەنتۆشم بۆ دەرمان نەدۆزی یەوە.؟ دیسان پارەی ئەورۆژەم بۆ کرێکارەکان وێرکردو بەوەستا کەمم ووت : - ئەوجارەیان هەتا پێت نەڵێم نەیەوە ؟

ئەو رۆژەشی یان هەروەکو رۆژی پێشتر لێوەکانی خۆم دەکرۆشتنەوە زۆر نارەحەت ببووم ، چاوەکانم خوێنی یان تێ زابوو ، سەرەدێقەم لەگەڵ کولاّنەکە دەکردو لەبیری خۆم دەمووت (ئەم جارە ئەگەر بینیم دای دەگرمە بەر مستو پێلەقە ، چەند پەراسووی هەیە هەمووی بۆ دەشکێنم . وای لێ دەکەم ناوی خۆی لەبیر بچێتەوە ، بەگوی خۆی بڵێ پەپە . لە کۆڵ ئەم شارەی دەکەمەوە) زۆر هاتم و چووم بێ سوود بوو . فێری چایە خواردنەوەشم ، ژەمێک چایە نەخۆمەوە مێشکم دەتەقێ . گێژوو وێژ بووم ، چی تر خۆم پێ ڕانەگیراو یاغر یاغر بەرەو ماڵەوە گەڕامەوە. ڕۆژی پاشتر دیسان چوومەوە سەر خانووەکەم و بوومەوە ئێشکگر. زۆر چاوم گێڕا سێبەری سەعید زەبۆکە لەهیچ شوێنێک دیار نەبوو. دەمی نیوەڕۆ پیکەپێک چەمەنتۆی یان هێناو لەسەر خانووەکەی سەعیدیان داگرتە . بەخۆی لەگەڵی یان نەبوو بەمە گیانم گەشاوە. لەبیری خۆم ووتم . (ئۆخەی خوا ناردی لەوە باشتر نابێتە هەتا ئەوەشی لەکار نەکردووە باشترواید ئیشی خۆمی پێ ئەنجام بدەم).

هەر ئەو ڕۆژە کرێکارێکم لێی گرتو هەموویم گواستەوە سەر خانووەکەی خۆم . بۆ ئیوارەش چوومە چایخانەی وەستا عەلی و وەستاو کرێکارم تێ گەیاند. شوکور بۆ خوا. بۆ بەیانی وەستاو کرێکار دەستی یان بەکارکردو بۆ ڕۆژی دواتریش هاتنەوە ، ئەو چەمەنتۆ - یەی مابۆوە لەکاری یان کردو خانووەکەم تاسەر دەرگاو پەنجەرە بەرز بۆوە .

ڕۆژی سێ یەم خەریکی ئاودانی دیوارەکان بووم ، پێکەنینم بەسەعید

زەبۆک دەهات ، لەبیری خۆم دەمووت (ئەگەر ئێستا بێتەسەر خانووەکەی و ببینێ هیچ چەمەنتۆی بۆ نەماوەتەوە لەوانەیە لەداخان شەق ببات . ئەگەر دەنگیش بکات دەڵێم برای دینین ، ماڵمان لەیەک جیا نەکردۆتەوە !!).

ئەو ڕۆژەیان ڕۆژی من بوو ، لەخۆشی یان قاچەکانم نە دەگەیشتنە سەر عەرد. سەعید زەبۆکیش وەکو حەس حەس لەسەر خانووەکەی دەهات و دەچوو و نەیدەزانی بەچ رووێک پێم بڵێ . ناوە ناوەش ئاوڕێکی لدی منی دەدایەوەو هیچ دەنگی نەدەکرد . لەداخان هەر هەناسەی ساردی دەکێشا و جگارەی بەجگارە دادەگیرساندەوە ، دەم و چاوی لەگەڵ دووکەڵی جگارەکەی ببوە یەک پارچە ، منیش دانم بەخۆم داگرت و خۆم لەگێلی دا . هەتا ڕۆژیش ئاوابوو نەئەو دەنگی کرد ، نە منیش دەنگم کرد. هەردووکمان بەرەو ماڵ گەڕاینەوە .

مەسەلەی بادلۆ پڕکردنەوەی سەعید زەبۆک

بەیانی یەک زوو ، لەسەر خانووەکەم پیاسەم دەکرد ، سەعید زەبۆک هاتەلام و ووتی :

ـ چەند دینارت لەپڕکردنەوەی بادلۆی خانووەکەت چوو ؟

ووتم :

ـ بیست قەلاب خۆڵی ویست ، قەلابی لەسەر دەدینار کردی یە دووسەد دیناری ڕێک . بۆ لەدەسحەقی کرێکار بۆ بڵاوکردنەوەی بەناو ژوورەکاندا .

فیکەیەکی درێژی لێدا ، ووتی :

ـ پەکو لەو گرانی یە ، حەقی هەر بیست دینارە .

پێکەنیم بەقسەکەی هات ، بەدەست خۆم نەبوو لەدەمم دەرچوو و ووتم :

ـ دەک سەرت لەقوڕ بنێن لەگەڵ خۆت و درۆت !

مردیت مرێ ، قسەیەک بکە پێت بڕوابکەن . دوو قەلاب خۆڵ دەکاتە بیست دینار . ماقولە خانووەکەی تۆ بەدوو قەلاب پڕ بێتەوە ؟

لەقاقای پێکەنینی دا ووتی :

ـ دەبینی یەوبە بیست دینار پڕی دەکەمەوە یان نا ؟

ڕۆژی دواتر دەهاتمە سەر خانووەکەم ، لە کۆڵانەکەی سەرەوەی خۆمان بینیم سەعید زەبۆک سواری سەر شۆفەڵێک بووە و بەناو گۆڕەپان و پارچە عەردە بەتاڵەکان لەگەڵ شوفێری شۆفەڵە کە دەخوولێتەوەو بەدەمی شۆفەڵ زبڵی سەر گوفەکەکان و خۆڵی زیادەی تەنیشت ماڵەکان و گۆڕەپانەکان هەڵدەگرێتەو دەیکاتە ناو بادلۆکەی . منیش لەدوورەوە سەیرم دەکردو چاوەڕێی ئەوەم دەکرد بزانم دەگاتە کوێ .

دەمە شۆفەڵێکی لەتەنیشت خانووی ماڵێک دا ، لەگەڵ هەڵکۆڵینی

عەردەکە هەوشەی مالّەکەی هێنایە هەژان . خاوەن مالّەکە لەق هاتە دەرەوە ، هەزار جوێنی بەفلەکێک پێ دا ، کردی یە ماستەو لەبەر سەگی ڕووکرد. ئەویش زۆر ئاسایی بەبێ ئەوەی هیچ خۆی تێک بدات ووتی؛

- لەجیاتی چاکەو پیاوەتی جوێنیشم پێ دەدەی ؟!

پیاوەکەش زیاتر لەجاران جوێنی پیس تری پێ دەدایەوەو دەی ووت ؛

- گو بەپیاوەتیت ، خەریکە خانووەکەم بەسەردا بەردەیتەوە ، پێم نالّێی چاکەی چیت لەگەڵ کردوومە ؟!

ووتی ؛

- لەجیاتی شارەوانی وا پیسایی تەنیشت مالّتان فڕێ دەدەم ،، لەجیاتی سوپاسم بکەیت هێشتان خۆشتم لێ تووڕە دەکەی .

سەری خۆی لەقاندو ووتی؛ ناحەقت ناگرم هەرچی پێم بڵێی ، نانم بێ خوێ یە ئەوەی چاکەی لەگەڵ بکەم وەکو مار پەلامارم دەداتەوە . ابراهیمی خانەقینی بۆ پیاوی وەک ئێوە باشە . حەیف نی یە مانگی جارێک سەد تاکە دینار سزاتان بەتەنگەدانەدا ؟!

چەند کۆنە تەنەکەو قووتی بەتاڵ و کۆنە هیربارو سەگ و پشیلەی تۆپی و پەڕەموچی مریشکو پەلکە شفتی و گندۆرەو ترپە تەماتەی سەر گوفەکەکان هەبوو لەگەڵ خۆڵەکە کردبوونی یە ناو بادلۆکەی . کەبەتەواوەتی بادلۆکەی پڕکردەوە پانزەدینارێ خستە ناو دەستی شوفێری شوفەڵەکەو بەڕێی کرد .

چوومە لای و بەپێکەنینەوە پێم ووت ؛

- هەر ئەمەش بوو پڕکردنەوەی بادلۆکەت ؟!

ووتی ؛

- بۆ چ عەیبی هەیە ؟ چونکە هەرزانە بۆیە وا دەڵێی ؟!

پێکەنینم هات ، سەری خۆم لەقاندو ووتم ؛

- هیچ عەیبی نی یە ! ئەئەر هەموو کەس وەکو تۆ بادلۆی

خانووەکەی پربکاتەوە ، کەس پێویستی بەشارەوانی نابێت بۆ فڕێدانی زبڵ .

سەعید ووتی :

- لەوە دەچێ پێمان ڕابوێرێ ؟

ووتم :

- بۆ پێت ڕادەبوێرم ، ئەوە ڕاستی یەکەیە .

ووتی :

- خۆ من وەکو تۆ خوا لێی نەگۆڕیوم بەمستێک پارە بادلۆکەم پڕ بکەمەوە .

ووتم :

- خۆڵەکەی من خاوێنە بەڵام هی تۆ پڕی زبڵ و جڕو جانەوەرە . قوڕ بەسەری ئەوکەسەی خانووەکەی تۆ دەکڕێ ، ماڵەکەی دەبێتە بنکەی هەموو نەخۆشی یەک !!

ووتی :

- خۆ هەر ئەوها لێی ناگەڕێم ، پێش ئەوەی کاشی بکەم ، دوو تەنەکە نەوتی ڕەشی بەسەردا دەپژێنم ، هەموو میکرۆبەکان قەڵاچۆ دەبن .

دەرگاو پەنجەرەو کاشی بەخۆڕایی بۆ دێت

خانووەکەی من و دوو خانووەکەی سەعید زەبۆک نزیکی تەواو بوون بوو . دەرگاو پەنجەرەکانی خانووەکانی سەعید زەبۆک لەهی مزگەوتی دەکرد ، هەمووی نەقشو نیگاری ئیسلامی و نووسینی ئایەت و وێنەی منارەو گومبەتی یان لەسەر دروست کرابوو. کاشی یەکانیشی مۆزاییکی سەوزی تۆخ بوو .

کەچاوم پێ کەوت پێکەنینم هات ، لەبیری خۆم ووتم (سەعیدی فەرمەسۆن و ئەم جۆرە دەرگاو پەنجەرەو کاشی یە سەوزانەیان نەووتووە). دەتووت مزگەوت دروست دەکات . کاشی یەکانیشی لەسەوزی یان لەمەندیلی سەیدانی دەکرد . بەسەعیدم ووت :

- هیچ ڕەنگ نەمابوو هەتا کاشی وەها بەڕادان نەدەیت ؟ ئەو دەرگاو پەنجەرانەش هی مالّن یان مزگەوت ؟!

ووتی :

- قەحپەبابی وا بەخۆشی دەڵێ وەستا ، نەخش نەماوە هەتا ئەمانەم بۆ دروست نەکات . خۆ کاشی یەکانیش لە دەرگاو پەنجەرەکان باشتر نی یە ، ئەگەر لەخانووەکەمی نەدەم هەروا دەمێنمەوە ئەگەر لێشی دەدەم سەد کەسی وەکو تۆ پێم دەڵێ خۆ سەید نیت ئەم ڕەنگەت هەڵبژاردووە !

ووتم : چ کارگەیەک ئەم کاشی و دەرگاو پەنجەرانەی بۆ دروست کردوویت ؟ .

ناوی کارگەکەی ووت . ئەو کارگانەی ئەو ناوی بردن ، شووڕەتیان گەیی بووە ئەو سەری وولّات . لەوە نەدەچوو سەربەخۆ شتی وا بکەن .

ڕۆژێک ڕێم کەوتە ناوچەی کارگە پیشەسازی یەکان ، هەر بەهەوەس کارگەی ئاسنەکەم بەسەر کردەوە ، خاوەنەکەیم دەناسی .

بۆ مەسەلەی نەخشو نیگارەکانی دەرگاو پەنجەرەکانی سەعید زەبۆکم

پێ ووت . کابرای خاوەن کارگە سەری سوڕما . ووتی :
- لەجیاتی چاکەو پیاوەتیمان گلەییشمان لێ دەکات ؟! بۆ پارەی
پێ داوە هەتا گلەیی بکات ؟ .
منیش ووتم :
- ئەگەر ئێستاش نەیدابێت ، قەرزە لەسەری و هەر دەبێ بیدات .
پێکەنی و ووتی :
- نەقەرزەو نەدەشی دات !!
ووتم چۆن ؟
ووتی :
- بەخێر لەڕاهی خوا بۆ تەکیەکەی ئەوم دروست کردووە .
کەئەمەی ووت پێکەنینم هات ووتم :
- بەخوا کلاوی لەسەری تۆش نا ، ناکات کاشی یەکانیشی هەر
بە خۆڕایی بەناوی تەکیە بۆ کرابێت ؟!
ووتی :
- ئەوەتۆ چی دەلێی ، ناکات تەکیەشی نەکردبێ ؟!
دەستم بەپشتی داهێناو ووتم :
- هەی لەمن نەزانتر ، لەجیاتی تەکیە دوو دایەرە خانووی گەورەی
لەسەر عەردەکەی بەرز کردۆتەوە .
خاوەن کارگەی قوڕبەسەر ، بەهەر دوو چەپەڵۆک کێشای بە
سەری خویداو ووتی :
- بەدوو مانگ ئەوەندەم پێ نابڕێ ، ئەو سەگبابە چۆن فرێیوی دام .
دڵم دایەوەو پێم ووت :
- هیچ خەم مەخۆ ، هەر تۆی نەترانداووە . دەستێکی بەمانی
منیش داهێناوە بەناوی برای دینی ، ئەوا تۆش هاتیتە ڕیزەوە ،
خاوەن کاشی یەکەش هەروا . خوا بزانێت هەتا ئەم دوو دایەرە
خانووە تەواو دەکات قۆڵی چەند کەسی ترت بۆ دەبڕێتەوە .
بەڵێ ، سەعید زەبڕک بۆ تەواوکردنی خانووەکانی هەر بە

دزینی ئاوو چەمەنتۆو چـــەوو قـــوم و کەرپووچی من و دەرگاو پەنجەرەو کاشی خاوەن کارگەکان نەوەستا . بەڵکو دەستێکی بە قوونی هەمـــوو ئـەو وەستاو کرێکارانەدا هێنا کەڕۆژێک لەڕۆژان ئیشی یـــان لـــە خانووەکەی دەکرد . ئەگـەر ڕۆژانەی تەواوی لێ نەبڕیبان ئەوا بەبـێ شک لایەکی لێ قووت دەکرد ، بەناوی ئەوەی گوایا بەڕێک دەخەنـە تەکیەکەوە و لە ڕۆژی حەشر دێتەوە ڕێ یان .

هەروەها شیشی لە لەبخچیووەستای سـپی کاریش دابوو . دوای تەواو- کردنی هەمـوو ئیشەکانی لەبخ و گەچ کاریی خانووەکانـی لەکاتـــی حسێبە کردنی ڕووبەری ئیشەکان بەمەتر ، ناو دەرگاو پەنجەرەکانـی پێ فری دان و قەرەپوولێکی بۆ حسێبە نەکردن بەبیانووی ئەوەی گوایا باسی فڕێ دان و نەفـڕێ دانی ناو دەرگاو پەنجەرەکانی یان لەکاتی مەعامەلەکردندا نەکردووە . ئەویش بەدرۆی خۆی گوایا لـەهەمـوو خانوێک ئـەو شوێنانەی لەکاتی حسێبە کردنی پارەی دەسحەق فرێ داوە . بەهەر حاڵ خانووەکەم تەواو کردو ماڵم گواستەوە ناوی . ســـەعید زەبۆکیش هەردوو خانوەکەی تەواو کردو دوای ماوەیەک هەردووکـی - یانی بەپارەیەکی چاک فرۆشتو عەردێکی هەزار مەتری لەبەرامبـــەر ئـەوێ کڕی یەوەو قشلەیەکی گەورەی دوو نهۆمی لەسەر دروست کـــردو ماڵـی گواستەوە ناوی .

هەر لـەو ڕۆژەوە بوویینە دراوســێی یەک و ووردو درشت ئاگـاداری هەموو هەلسوو کەوتێکی بووم . زۆرم حەز دەکرد ئاگاداری فـــێڵ و تەڵەکەبـازی یەکانی بم بۆیە ئەگەر جاروبار خۆشم بەدەستی یـــەوە زیانـم لـێ بەکەوتبا هـەر باکم نەبوو .

دەبێ پیشەی سەعید زەبۆك چی بێ

لەوەتی من ئەم سەعید زەبۆکەم ناسیوە هەر دوکانی کەلاش دروستکردنی هەبووە پێشتر لەگەڵ عەبدول ڕەحمانی پینەدۆز بە شەراکەت دوکانی پینەدۆزی یان هەبوو ، دوایی بەینی یان تێک چوو و لەیەک جیا بوونەوە. ئیتر هەر لەو ڕۆژەوە هەتا ئەم دووایی یەش دوکانێکی بچکۆکولانەی بەرامبەر یانەی فەرمانبەران هەبوو ، تیایدا کەلاشی دروست دەکردو بە دەستەو دانە دەیفرۆشت. زۆر جاران بەرەبەری نیوەڕۆ کەبەتەنیشت ماڵی یان ڕەت دەبووم ، گوێم لەتەپەتەپێکی بەردەوام بوو بەڵام ئەم دەزانی چی یە .

هەندێک جاریش لە درەنگی شەودا هەمان تەپەتەپ لە ماڵی یان دەستی پێ دەکردەوە. بەیانی یانیش زوو سەعیدم دەبینی لەلای شار دەهاتەوەو گونی یەیەکی بەکۆڵەوە بوو . زۆرم مەراق بوو بزانم ئەم عفریتە بەم بەیانی یە زووە لەکوێ دێتەوەو گونی یەکەی سەرکۆڵیشی چی تیایە. ئەمەو تەپەتەپی بەرەبەری نیوەڕۆ و نیوەی شەویش زیاتر لەمەراقی یان هێشتبوومەوە. بەڵام ووردە ووردە ئەمەم لەبیری خۆم بردەوەو شەیتانم بە نەعلەت کردو ووتم : (حەقی چیم بەسەری یەوە هەیە ، بۆ تێکەڵی ئیشوکاری نهێنی یەکانی ژیانی خەڵک بم).

ڕۆژێک کۆنە هاوڕێ یەکی دەوری خوێندنم کەپارێزەر بوو چووینە دایەرەی کارکردن بۆلای مامی کەبەڕەێوەبەری ئەو دایەرەیە بوو. لەژووری مامەکەی دانیشتبووین ، باسی یادگاری ڕۆژانی خوێندنمان دەکرد ، لەناکاو دەرگا کرایەوە ، بەدوو پیاو زەلامێکی چوارشانەی تەنگەستووری قەڵەوی یان پاڵدا ژوورەوە . زەلامەکەش بەنکەنک و نقە نق و ناڵەوە خۆی گەیاندە سەر لاقەنە فەیەکی بەتاڵ لەبەردەم بەڕێوەبەری کارکردن و لەسەر گازی پشت بۆی ڕاکشا .

دەتووت ئێستا نا حەوت ساڵە مردووە ، نقەی لەخۆی بڕی .
بەڕێوەبەر کەئەمەی دیت سەروسیمای تێکچوو ، ڕووی لە دوو
زەلامەکەی تر کردو ووتی :

- ئەوە چی یەتی ؟

بەخەمباری یەوە ووتی یان :

- کەچوویتە بەردەرگای دایەرە بۆ خاوێن کردنەوەی دیتمان
پیاوێک دەمامکەی خۆی بە جەمەدانی داوەو قاپووتێکی ئەستووری
پۆلیسانیشی لەبەرکردووەو وەکو لاشەی مردوو بەبێ جوولە لەسەر
شۆستەی شەقامەکە لەسەر لاتەنیشتێک لێی کەوتووە . سەرەتا
وامانزانی مردووە یان کوژراوە بەڵام کەلێی نزیک کەوتینەوە ،
بینیمان ئەوە سەعیدی خۆمانەو شوکور ماوەو نەمردووە . بە
هەردووکمان دەستمان خستە ژێر شانی و بۆلای جەنابتمان هێنا .
بەڕێوەبەر هێندەی تر تەنگاو بوو ، لێی نزیک کەوتەوەو زۆربانگی
کرد :

- سەعید ... سەعید ... مای ؟ ئەوە چیتە ؟

سەعیدیش وا خۆی بێ هۆش نەکردبوو کەس بزانێ ، دەتووت لە
حەوت باری خەودایە ، نەفەسی لەخۆی بڕی بوو .
بەڕێوەبەر زۆر هەوڵی لەگەڵ داو هەندێک زلەی لە لا ڕوومەتەکانی
داو پەردا خێک ئاوی بەدەم و چاوی داکرد. ئەوسا هەندێک خۆی
جوڵاندەوەو دەستی کردەوە بەنقەنق .
کەناوی سەعیدم گوێ لێ بوو ، سەرنجی دەم و چاویم دا بیناسمەوە
هەرچەندە نەشی دەچووە ئەقڵەوە سەعید زەبۆکی لەمەڕ خۆمان بێت .
بەڵام بۆنا ؟ لەبەژن و سەرو قەڵافەتی هەر لەوی دەکرد ، سەعید
زەبۆکیشەوە هەموو شتێکی لێ دەوەشێتەوە . لێی وورد بووموەوە
بینیم ، جەمەدانی یەکی ڕەشی لەدەم و چاوی خۆی پێچابۆوە و
قاپوتێکی ئەستووری خاکەی سەردەمی عوسمانلی بەم چلەی هاوینە
لەبەرکردبوو . چەندی دیقەتی دەم و چاویم دا لەبەر جەمەدانی یەکەی
نەم ناسی یەوە .

بەڕێوەبەریش هەر خێرا تەلەفۆنەکەی هەڵگرت و بەتەلەفۆن داوای لە نەخۆشخانەی کۆمارەی کرد تا ئۆتۆمۆبێلێکی فریاکەوتنی بۆ بنێرن و لە نەخۆشخانەی بخەوێنن . لەم سەین و بەینەدا من هەر خەریکی سەرەدیقەو وورد بوونەوەی شێوەی دەم وچاوی ئەم زەلامە بووم . دوای تۆزێک ئۆتۆمۆبیلەکە گەییەجێ و دوو برین پێچ بە خۆو بە نەقالەوە هاتنە ژوورەوەو خستی یانە سەر نەقالەکە . وویستی یان بیبەنە دەرەوە ، ئەمجارەیان بە تەواوی دەم وچاویم بینی . سەعید زەبۆک خۆی بوو ا چاوم ئەبلەق بوو ، لەجێی خۆم هەپەسام ، وەکو بڵێی ئەویش هەستی بەوە کردبێت کە ناسیبێتمەوە بۆیە لەژیرەوەی جەمەدانی یەکە ، چاوێکی لێ قوجاندم و سەری خۆی تۆزێک بەرز کردەوەو بەنالەنالێ ووتی؛

- باش بوو لێرە بووی ، هەتا لای ئۆتۆمۆبیلی فریاکەرەکە لەگەڵم وەرە ، دەست لەسەر نیوچەوانم دابنێ وەختە مێشکم ببرژێت . منیش هەستامە سەرپێ و دەستم خستە سەر نیوچەوانی و هەتا دەرەوە لەگەڵی چووم . هەر لە دەرگای ژوورەکەی بەڕێوەبەر چووینە دەرەوە ، دەتووت قەت نەیزانیوە نەخۆشی چی یە ، بە ئەسپایی پێی ووتم ؛

- دیارە بەڕێوەبەرەکەمان دەناسیت ؟

ووتم ؛

- بەڵێ دەیناسم .

ووتی ؛

- کەواتە تۆش لایەنگیریم بکەو بڵێی ماوەیەکە تووشی نەخۆشی دڵ و بالە پەستۆی خوێن بووەو لەسەر مردنە .

زۆر سەیرم بە قسەکانی هات . لەوەتی دەیناسم نەمزانیوە ڕۆژێک لەڕۆژان مووچە خۆری میری بوو بێت . لێم پرسی ؛

- چما دامەزراوی ؟!

ووتی ؛

ـ جارێ لێم گەڕێ دووایی خۆم هەموو شتێکت پێ دەڵێم .
گەڕامەوە لای بەڕێوەبەرو دانیشتمەوە . بەڕێوەبەر پێی ووتم :
ـ ئەم سەعیدە لەکەیەوە دەناسیت ؟
ووتم :
ـ لەزویکەوە دەیناسم .
بەپێکەنینەوە ووتی:
ـ تۆش وەکو من دەیناسی .؟
ووتم :
ـ چۆن ؟
ووتی :
ـ ئەم سەعیدە ڕێوی یێکی فێڵبازە ، تەماشای ئێستا مەکە وا بە غەریبی دێتە پێش چاوان ، شەیتانت بۆ لەخشتە دەبات ئەگەر بڵێ خوا بەخەقە دەنا قەت پێی بڕوا ناکەم ، هەموو لەشی ساختەیە ، لەگەڵ دەروونی خۆی درۆ دەکات .
سەربارێ ئەوەش ئێستا زگم پێی سووتاوەو یارمەتیشم دا .
هەرچەندە ئێستاش هەر ناچێتە ئەقڵمەوە ، بەڵام دەڵێی چی قەحپەبابی وا خوا بەهرەیەکی ئەوتۆی داوەتێ هەموو دەوریێکی لێ دێت !!

بۆ ئێوارەی ڕۆژی دواتر بە بەردەرگای ماڵی سەعید گوزەرم کرد . بینیم سەعید زەبۆک کۆڕێکی بەستووە ، پێکەنین و بەزم و ڕەزمی ڕۆژە ڕێ یەک دەڕوات . دەتووت سەعیدی جارانیش نی یە ، ڕیشی تەراش کردبوو و جەمەدانی و کۆنە قاپووتەکەشی فڕێ دابوو . زۆر مەراقی ساغ کردنەوەی ئەم ڕاستی یە بووم . چوومەلای ، هێشتان قسەم نەکردبوو لەقاقای پێکەنینی داو ووتی :
ـ توخوا چۆن بووم ؟ لێم دەهات یان نا ؟
منیش ووتم :
ـ نەخوش یەکە ؟

ووتی ؛ نواندنەکە !!

ووردو درشت مەسەلەکەی بۆ گێڕامەوە. گوایا چەند ساڵێکە لە دایەرەی ئەلبان بە ئێشکگری شەوان دامەزراوەو بەڕۆژیش لە دوکانەکەی خەریکی کەلاش دروست کردنەو دوو دەزگای تری کەلاش دروستکردنیشی لە ماڵەوەو لەدایەرەکەی داناوەو لەکاتی چوونە ماڵەوە یان چوونە سەر کاری بۆ دایەرە کەلاش دروست دەکات. کەوتە پاڕانەوەو نووزانەوە دەتووت هەتیوی هەیە دەیووت ؛

- گوزەران بەزەحمەت کەوتووە ، هەموو شتێ نرخی بۆتە دووقات ئەگەر وانەکەم گوزەرانم ناسووڕێت.

هاتە سەر باسی دامەزراندنیشی لەدایەرەی ئەلبان و ووتی ؛

- پارە هیچ بایەخی نی یە ، با ملیۆنێریش بیت ، هەمووی پەنجا دینارێ تەقاویتی نابینێ کەژیانی مرۆڤ مسوگەر دەکات و هەتا مردن نابڕێت.

دوایش هاتە سەر باسی ساختەی خۆ نەخۆش کردنەکەی و ووتی؛

- خۆ شوکور هیچ نەخۆش نیمە ، بەڵام ئەگەر ئەوهام لەخۆم نەکردبا ، ئەوا بەڕێوەبەر پێمی بڕوا نەدەکردو بڕیاری لێژنەی تەندروستیی تەمیز دەکردەوە . خۆشت دەزانی منیش هێزی جارانم نەماوەو چی تر توانای ئێشکگری شەوانم نی یە ئەگەر بەهۆی تەندروستیی یەوە نەبێت جارێ دەساڵی ڕێکم ماوە بۆ تەقاویت بوون . ئەوەش زۆرە و قەت بەمن تەواو نابێت . بۆیە هەستام بیرم لەم فێڵە کردەوەو دەستە جلێکی مەوزم بۆ فەڕاشی سەرۆکی لێژنەی تەندروستیی بە دیاری برد و داوام لێی کرد کە بە دکتۆرم بناسێنێ و بەخزمنی خۆیم لەقەڵەم بداتە . ئەوە بوو بەڵێنی ئەوەی دامێ و ناوی خوام لێ هێنا .

پێکەنینم بەقسەکانی هاتە . لەبیری خۆم ووتم؛ (ئەگەر دەرچوون لەوەزیفە بەهۆی تەندروستیی یەوە ئەوها ئاسان بێتە ئەوا نیوەی فەرمانبەرانی دەوڵەتە بەڕێگایە خۆیان خانەنشین دەکەن .

منیش یەکێک لەوانە دەبم !).

هەموو چەند ڕۆژێکی نەبرد ، سەعید زەبۆکم بینی بەوە ، هەر لەدووزەوە نووسراوێکی لەباخەڵی دەرهێنا و پیشانی دام ، کە خوێندمەوە تیایدا لیژنەی پزیشکی بڕیاری خانەنشینکردنی سەعیدیان دابوو بەهۆی نەخۆشی و پلەی پەک کەوتنەکەشی یان بۆی لە سەدی سەد دانابوو !! .



سەعید زەبۆك دەگاتە لای پارێزگارو پارچە عەردێکی بەخۆڕایی لێ وەردەگرێ

بەری چەند ڕۆژێک بوو ، دووەم پیشانگای هونەری شێوەکارم بە سەرپەرشتی پارێزگار کردبۆوە . پسوولەیەکی دابوومێ کە دوای تەواوبوونی پیشانگایەکە سەردانێکی بکەم و بەخشیشێکی لێ وەربگرم. دوای تەواوبوونی پیشانگایەکەم ، سەر لەبەیانی زوو چوومە تەشریفی جەنابی پارێزگار. لەسەر کورسی یەکەی بەرامبەری دانیشتبووم . بەدوای فەڕاشەکەی دا ناردو نووسراوێکی دادەستی و پێی ووت :

- بڕۆ لای بەڕێوەبەری دارایی ، ئەم پارەیە بۆ ئەم هونەرمەندە سەرف بکات و لەگەڵ دەستی خۆشت بۆی بهێنەوە .

وورده وورده نووسراوەکانی بەردەمی خۆی ئیمزا دەکردو نا ناوەش ئاوڕێکی بۆ لای من دەدایەوەو یەکە دوو قسەی ئەلەقەو بەلەقی لەگەڵ دەکردم .

لەوکاتە سکرتێرەکەی هاتە ژوورەوەو دوو شریتی ڤیدیۆی لەسەر مێزی پارێزگار دانا و ووتی:

- جەنابە وێنەگرەکە هاتۆتەوەو ئەم دوو شریتەی تریشی بۆ جەنابتان هێناوە. یەکسەعاتە و نیوێکەو گشت لەقتەی فلیمە تەلەفزیۆنی- یەکانی تیایە کە زیارەتەکانی جەنابتی نیشان داوە لەماوەی شەش مانگی ڕابردوودا .

پارێزگار لەخۆشی یان قوونە تۆتکەی بوو ، خۆی بۆ نەگیرا بانگی کردە ژوورەوە .

دەبینم دیسان سەعید زەبۆکی لەمەر گەڕەکەکەی خۆمانە ! ئەم قورمساغە لەهەموو دیزێک ئەسکووە. سەعیدو وێنەگری کوجە مەرحەبا !! نازانم چی ئەم زۆڵەی گەیاندە لای پارێزگار ، کە چاوی بەمن کەوت ، ڕەنگی تێک چوو ، بەڵام بەسەر خۆی نەهێنا،

بەچاو قایمی لەسەر کورسی یەکەی بەرامبەرم دانیشت . هەر بەسەر خۆشی نەهێنا ، کە ڕۆژێک لەڕۆژان منی ناسیوە یان دەمناسێت . منیش وەکو ئەو خۆم تێی نەگەیاندو دیقەتی ئەم کەڵەکاتە نوێیەییم کرد . پارێزگاریش هەر شریتەکانی سەروبن دەکردو دەیووت ؛

- پێم ناڵێی تۆ ئەم بەهرەیەت لەکوێ هێنا ، ئەم زەوقەت چۆن هەیە شەوو نیوەشەوو ڕۆژانی هەینی و پشووی ڕەسمی لەبەرامبەر تەلەفزیۆن دابنیشیت و ئەو فلیمانەی کەدەنگ و باسی منی تیام تۆمار بکەیت ؟!

ئەویش بەزمانی لووسەوە دەتووت بڕای لەدایک و باوکی یەتیی خۆی کردبووە جەرگ سۆزی ئەوو دەیووت ؛

- جەناب بۆتۆ هیچ بە خەسار ناچێ . تۆ چۆن شەونخونی بە ئیشوکاری ئێمەوە دەکەی و بۆ بەرژەوەندی و خۆش گوزەرانی ئێمە هەست بەماندوو بوون ناکەیت ، منیش ئەوها بۆ تۆمارکردنی زیارەتەکانت ، هیچ هەست بە ماندووبوون ناکەم . بەڵکو جۆرە ئارەزوویەکەو خووم پێ یەوە گرتووەو ناتوانم بەبێ تۆمارکردنی بخەوم .

ئای لەم ساختەچی یە ، لەحەوت ئاوی داوەو قاپی تەڵ نەبووە . کەس نەماوە نەی ترپاندبێت !! حەقی حاجی حوسێن نەبوو بڵێ ئەم مردوو نەمرە شەیتانیشت بۆ لەخشتە دەبات !

پارێزگار بانگی سکرتێرەکەی کردو ووتی ؛

- لەگەڵ کاک سەعید بڕۆ بۆلای بەڕێوەبەری دارایی و دووسەد دینارێ بەخشیش بۆ سەرف بکەن .

سەعیدی مەکربازیش خۆی کردبووە فریشتەی خواو بەدرۆ دەیووت ؛

- جەناب زۆر عەیبە بۆ من پارە وەربگرم . من ئەم فلیمانەم بۆ پارە تومار نەکردووە . ئەگەر بۆ پارەبێت بۆ هەموو سامانی جیهان شەوێک شەونخونی ناکەم .

ئێش ئەوەی بەهێتە دەرەوە ، سکالایەکی لە باخەڵ دەرهێناو لە

چونمان بۆ موسڵ بۆ کڕینی عەردی دکتۆرێکی ئەوێ

لەبەر بچوکی ژوورەکان و نەبوونی مەتبەخێکی ڕۆژئاوایی و بچوکی باخچەکەمان ناچار بووم خانووەکەم بفرۆشم و بەدوای پارچە عەردێکی گەورەتردا بگەڕێم .

زۆر گەڕام و سوڕام هیچ پارچە عەردێکی هەرزان بەهام لە گەرەکەکەی خۆمان بەدەست نەکەوت . ئەو پارەو پوولەی بەدەستمەوە بوو پارچە عەردێکی توزێک لەعەردەکەی خۆم گەورەتری پێ نەدەهات.

نرخی عەرد بەرز ببۆوە ، جاران پێش ساڵێک کەس مەتری بە چل دینار نەدەکڕی کەچی بەختی من بەرز بۆوە بۆ حەفتا دینار.

ڕۆژێک بەدوای پارچە عەردێک دەگەڕام ، چەند نووسینگەیەکی کڕین و فرۆشتنی زەوی و زارم بەسەر کردەوەو ناوی خۆم لەلای هەموویان نووسی بۆ کڕینی پارچە عەردێک . لەنووسینگەی مام ڕەسول دانیشتبووم ، باس باسی بەرزبوونەوەی نرخی زەوی و زار بوو . لەوکاتەدا سەعید زەبۆک هاتە ژوورەوەو لەبازاری زەوی و زاری دەپرسی . دیار بوو زۆر هاتووچۆی ئەم نووسینگەیەی کردبوو بۆیە لەگەڵیان یەک ماڵ بوو و بەسەربەستی لەناویدا دەخولایەوەو دەفتەری ناو نووسینگەکەی هەڵدەدایەوە .

سەر لەئێوارەی هەمان ڕۆژ بەبەر دەرگای ماڵی سەعید ڕەت بووم ، بانگی کردم و ووتی :

- دەڵێی خەریکی کڕینی عەردی ؟

ووتم :

- نیازم وایە ، بەڵام پارەکەم هیچی پێ نایەت . ئەگەر ئەو پارەی بەدەستمەوەیە هەمووی بەعەرد بدەم ئەوا هیچم لەدەست نامینیتەوە خانووی پێ بکەم .

لەقاقای پێکەنینی داو ووتی :

- هەی لەمنت نەکەوێ ، ئەدی من چیمە لێرە ! لەگەڵ خۆم عەردێکت بۆ دەکڕم مەتری بەسی دینار.

پێکەنینم بەقسەکەی هات ووتم؛

- سەعید تۆش دەتەوێ پێمان پا بوێری ؟!

زیاتر هاتە پێشەوەو دەستی خستە سەر شانم و ووتی ؛

- برا گەورەیت ، چۆن گالتەی وات لەگەڵ دەکەم . لەگەڵ تۆش نەبێ لەگەڵ کەسی تر شەراکەتی وەها ناکەم .

زیاتر لەسەری ڕۆیشت و ووتی؛

- ئەگەر باوەڕیش ناکەیت لەگەڵم وەرە هەر لەپشتەوەی خانووەکەی خۆت پارچە عەردێکی هەزارو دووسەد مەتری هەیە بەیەکەوە دەیکڕین .

ووتم ؛

- دەزانم هەیە ، بەڵام کێ دەڵی خاوەنەکەی بەو نرخە دەمان داتێ؟

ووتی ؛

- تۆ حەقت نەبێ ، بەیانی خۆت بگەڕەو بەیەکەوە دەچین بۆ موسڵ . من هەرچیم ووت تۆ بۆمی تەرجەمی عەرەبی بکە ، بەڵام پێکەنیشت نەیەت ؟!

سەرم لەقسەکانی سوڕما ووتم ؛

- موسڵ بۆ ؟

ووتی ؛

- خاوەنی ئەو پارچە عەردە دکتۆرێکی موسڵاوی یەو شوێنەکەی لە بابول تۆبە جارێکی تریش چوومە بەس لەوێ نەبوو .

هەندێک بیرم لەقسەکانی کردەوە ، نەچووە ئەقلم . فێڵ و تەڵەکەبازی و ساختەکانیم هاتنەوە بەرچاو و لەبیری خۆم ووتم (ڕەنگ بێت بم باتە سەرزێ و بە تینوێتی بمهێنێتەوە . مەگەر ئەمجارەش شۆێنێکی تری لەژیر سەر نەبێت) لێکدانەوەی مێشکی خۆم کردە، بۆ سوود بوو . سەرەڕای ئەوەش بڕیارم دا لەگەڵی بچمە موسڵ . لەبیری خۆم ووتم (هەر هیچ نەبێ بەگەشت و گوزەری دادەنیم و هەندێک کەل و پەلی پێویست لەوێ دەکڕم) .

بۆ بەیانی ناوی خوامان لێ هێناو بەرەو موسڵ کەوتینە ڕێ .
لەناو ئوتومۆبیلەکە پێم ووت :
- تۆ ئەو دکتورەت چۆن ناسی و چۆن زانیت ئەو عەردە هی ئەوەو دەیفرۆشێ ؟
بەپێکەنینەوە ووتی :
- براکەم . ئەو ڕۆژەی هاتمە نووسینگەی مام ڕەسوول بۆ کڕینی عەرد ، ئەی نەتبینی دەفتەری ناوەکانم هەلدەداوە ؟
لە ناو دەفتەرەکە ئەم زانیاری یانەو ناوونیشان و نمرەی تەلەفۆنی دکتورەکەم دەرهێنا .
لەدەمم دەرچوو ، بەدەنگێکی گەورە ووتم :
- هەی ساختەچی ، شەیتان ڕێ بەمە نابات چۆن ئەمەت زانی ؟!
بەتووڕەیی یەوە ووتی :
- چۆن بەمن دەڵێی ساختەچی ؟ ئەمە زیرەکایەتی یە ، ئەی وەکو تۆ باشە خۆت فەقیر حاڵ کردووەو ئەو دەڵاڵە قۆڵبڕانە دەتبڕنەوە .
بەهەزار حاڵ هەتا دڵیم داوەتەوەو ئاشتم کردەوە . گەیشتینە جێ هێشتان دکتور نەهاتبوو ، پێش ئەو گەیشتینە عیادەکەی لە ساڵۆنەکە دانیشتین . ڕووی تێ کردم ووتی :
- ئەم ئیشەی ئێمە پرۆفەیەکی دەوێ ، هەتا لێمان تێک نەچێ و دکتوریش پێمان باوەڕ بکات . بۆیە من چیت پێ دەڵێم بۆ عەرەبی بگۆڕەو هیچ مەپرسە بۆ و لەبەرچی ؟
بەپێکەنینەوە ووتم :
- پرۆفەی چی ؟! خۆ ئێمە تەمسیل ناکەین . ئەو دکتۆرە عەرد دەفرۆشێت و ئێمەش کڕیارین . هەموو دوو پرسیارە ، عەردەکەت دەفرۆشی یان نا و بە چەند ؟!
پڕ بەدەم جڕتێکی کێشاو ووتی :
- تڕحێو ! بەخۆشت دەڵێی ڕۆشنبیر !! ئاخر هەروات کردووە بۆیە

نەبوویتە خاوەنی هیچ . دەتەوێ ئەم عەردەش وەکو عەردەکەی
لەمەڕ عەبدول ستار لێ بکەیتە . سااڵێکە بوو پێی دەووتم ،
دینارێکم بۆی زیاد نەکرد ، تۆ بە ڕۆژێکە دوو دینارتە بۆ
زیاد کرد .
ووتم :
ئەوەی چوو چوو با هیچی تر لەدوو چوان نەچین . با بێینەوە
سەر باسی عەردەکەی دکتۆر . من عەردەکەی دکتۆرم بینیوە ، لە
تەنیشت عەردەکەی ئەو عەردی مامۆستایەکە مەتری داوای حەفتا
دینار دەکات بەاڵم ڕووبەرەکەی لەهی دکتۆر کەمترە . بائەوەی
دکتۆریش حەفتا نەیەنێ لەبەر زۆری ڕووبەرەکەی ، خۆ هەر هیچ
نەبێ داوای شەست دینار دەکات .
سەری خۆی لەقاندو ووتی:
- من دەڵێم نێرە ، تۆ دەڵێی بیدۆشە ! ئەی لەدوێنێ وە چی دەڕێسم؟
تۆ ناتەوێ مەتری بەسەی دینار لەژێر چنگی دەربهێنم ؟
قەناعەتم بەقسەکانی نەهات و ووتم:
- گوایا ئەم شەهادەیەی بەخۆڕایی وەرگرتووە ؟!
ووتی :
پەیوەندی بە زیرەکی و چاپووکی یەوە نی یە . ئەم دکتۆرە بیست
ساڵ لەمەوبەر مەتری ئەم عەردەی بە پەنجا فلس لە بنەماڵەی
مەلافەندی کڕیوەو هەر لەوکاتەوە چاوی بە هەولێر نەکەوتووەو
ئەگەر بێتیش نایدۆزێتەوە . سەرم سوڕما ، ئەو هەموو زانیاری-
یەی لەبارەی دکتۆرەوە چۆن بەدەست گەیشتووە ! ئەگەر
دایەڕەی ئیحساش بوایە ئەمەی پێ نەدەکرا . نازانم ئەم
سەگبابە ئەم بەهرەیەی لەکێ بۆ ماوەتەوە . بیەوێت یەکێک
بتڕێنێ زانیاری لەسەر خۆی و چوار پشتی کۆدەکاتەوە .
لەوکاتەدا دکتۆر گەیشتەجێ .
دکتۆرێکی بەساڵاچووی پیری شەتەو گێڕی چاوکز ، چاویلکەیەکی

پزیشکی لەچاو کردبوو ، وا پێ دەچوو گوێ بەکانیشی گران بووبن بۆیە سەماعەی لەناو گوێی دانابوو. چووە جێی خۆی دانیشت و جەپەسی لێدا ، بانگی فەڕاشەکەی کردو پێی ووت :

- بابێنە ژوورەوە .

چووینە ژوورەوە ، هەردووکمان لەتەنیشت یەک لەبەرامبەری دانیشتین . دوای سڵاوو ڕێز ، سەعید ڕووی لەدکتۆر کردو بەزمانی کوردی ووتی :

- دکتۆر هاتووینە عەردەکەی هەولێرت لێ بکڕین ؟

دکتۆریش سەری خۆی لەقاندو ووتی :

- أحچی بالعربي ما أفتهم ؟

سەعید ڕووی لەمن کردو ووتی:

- بۆی بکۆڕە سەر زمانی عەرەبی ؟

ئیتر ئەوەبوو سەعید دەستی پێ کردو منیش باشو خراپ چی چی دەووت بۆیم دەکردەوە عەرەبی . قسەی وای دەکرد سەر بە هەش پێی پێ دەکەنی . هەتا بۆیم وەرگێڕا سەر زمانی عەرەبی هەموو لێوەکانی خۆم لەتاوان کرۆشتەوە. لەتاوان وەخت بوو وەک دەب دەبە بتەقم . دەیووت :

- پیاوێکی هەژارم ، چەند سەر مەڕێکم هەیە لەگەڵ ڕەشماڵێک لەدارەتی دونیا لەوەندە زیاتر هیچی تر شک نابەم . خاوەنی دەسەر خێزانیشم ، گوزەرانم زۆر زەحمەت بووەو لەناو شاریش لەوەڕگا تەماوە ، شارەوانیش تەنگی پێ هەڵچنیوم و لێ ناگەڕێ مەڕەکانم بە ئارەزووی خۆم بلەوەڕێنم . زەوی یەکەی تۆش بۆ لەوەڕگا زۆر باشە ، کەوتۆتە دەرەوەی شارو شوێنەکەی چاڵەو ئاوی باران و چڵپاوی شاریشی دێتەوە سەر ، بۆیە ساڵ وەختی ساڵ سەوزەگیای لێ نابڕێت . منیش دەمەوێ ئەو پارەو پوولەی هەمە بەو عەردەی تۆی بدەم و ڕەشماڵێکیشم هەیە لەناوی هەلدەم و لەدەستی کرێچی یاتیش ڕزگارم دەبێت .

دکتۆرەکە ئەبڵەق ببوو ، دەمی بستێک بەش کردبۆوە . لەگەڵ وەرگێڕانی هەر دێڕێک لەو قسانە ، موچڕکێکی سارد بەلەشدا دەهات ، گوێ یەکانی وەک کەرۆێشکە قیت کردبۆوە . لە سەر سامیان چاوەکانی زەق کردبۆوە . کەلە قسەکان بووینەوە دڵی لەخۆ چوو و پشتاوپشت بەکورسی یەوە بەربۆوە !! هەندێک ئاومان بەدەم و چاوی داکردو بەتوندی بانگمان کرد ، دکتۆر ... دکتۆر ... بەهەزار نائەی عەلی هەتا بەخۆی هاتەوەو هەستاوە سەرپێ . سەعید زەبۆکیش هەر لەسەر پیکی خۆی بوو ، ڕووی لە دکتۆر کردەوەو ووتی !

دکتۆر بۆ فرۆشتنی عەردەکەت چی دەڵێی ؟

دکتۆریش بە نقەنقو جقەجق هاتە وەڵام و ووتی !

ـ ماقولە ئەمە بیست ساڵە شاری هەولێر نەگەیشتبێتە لای عەردەکەی من ؟!

ئەویش بە پێکەنینەوە ووتی!

ـ بە بیست ساڵی تریش شار ناگاتە ئەوێ ، بۆیە من مەراقنم لێی داوەو دەمەوێ بیکەمە لەوەڕگا .

هەرچەندە ئەم سەعیدە وەکو ڕیوی وایە ، فڕوفێڵی لەبن نایە بەڵام موسڵاوی لەو ڕیوی ترن . هەروەکو پەندەکەی لەمەڕ خۆشی یان دەڵێ (هامووشۆی ڕیوی یان بکە بەڵام هامووشۆی موسڵاوی یان مەکە !) ئەمە ڕاست دەرچوو . دکتۆرەکە سەرەڕای پیری و پەک کەوتوویی لەسەعید زەبۆک زۆر زان تر دەرچوو . هەرچەندی هەوڵ و تەقەڵامان لەگەڵی دا کەنرخێک بۆ فرۆشتنی عەردەکەی دابنێ هەتا ئێمەش قسەیەکی لێوە بکەین . بەڵام ئەو نقەی لێوەنەهاتەو چەند بەرد هاتە وەڵام ئەویش هەر ئەوەندە .

ئاخیری ووتمان ؛

ـ تۆ ئەم عەردەی خۆت دەفرۆشی یان نا ؟

ووتی :

- دەیفرۆشم .

ووتمان :

- کەواتە بڵێ بەفلسێک !

ووتی :

- ئەو زانیاری یەی ئێوە لەبارەی عەردەکەمەوە باستان کرد ، پرسی لێ کردمەوە خوری . من باش لەعەردەکەم گەیشتبووم بۆیەبەسام ڕەسوولم ووتبوو بەنرخێکی باش بۆم بفرۆشێ . ئێستاش ئێوە عەردەکەتان لێ کردمە کەری تۆپکَ و هەرچەندی پێی بدەن خەسارەو ناهێنێ .

سەعید بەم قسەیە دڵی خوش بوو ، خۆی پێ نەگیرا ، یەکسەر کیسەیەک بیست و پێنج دیناری دەرهێنا و ووتی:

- مەتری بەسی دینار بۆمن . با خەسار بێت ، من بۆ لەوەڕگامە ، خۆ بۆ دروست کردنی قەسری زهورم نی یە !!

دکتۆر سەرێکی هێنا و سەرێکی برد ، ئاخیری بڕیاری لەسەر ئەوەدا کەزیارەتێکی هەولێر بکات و لەگەڵ ڕووپێوی تاپۆ عەردەکەی بەسەر بکاتەوەو پرسێکی نرخی عەردی دەوروبەری عەردەکەی خۆی بکات ، ئەوکات وەعدی وەعدی پیاو بێت مەتری دیناریکیش لە خەڵکی تر عەردەکەی بفروشێتەوە ئێمە . کەوای ووت سەعید زەبۆک بێ هیوا بوو ، زمانی خۆی گەستەوەو ڕووی لەمن کردو ووتی :

- ئیشەکەمان فت !!

هەرچەندە زۆرم بەلاوە ناخۆش بوو کەمایە پووچ مایەوەو ماندوو بوونمان بەفیڕۆ چوو کەچی سەرەڕای ئەوەش زۆرم پێ خوش بوو ئەوجارەیان فێڵەکەی سەری نەگرت !

هەستایەنە سەرپێ و خواحافیزیمان لەدکتۆر کرد . پێش ئەوەی بچینە دەرەوە ، سەعید زەبۆک داوای لەدکتۆر کرد کەکارتۆنێک شیری بلارکۆنی بۆ بنووسێت بە بیانووی ئەوەی گوایا دوو منالّی

جمکیان تازه بووەو یەکێکی تریشی هێشتان هەر شیرەخۆرەیەو ژنەکەشی لەسەر جێ کەوتووەو کەس نی یە بەخێوی یان بکات .
ئەوەبوو دکتۆر پسوڵەیەکی بۆ نووسی و لەژێرەوەی عیادەکەی دکتۆر دەرمانخانەیەک هەبوو کەهی ژنی دکتۆرەکە بوو ، یەک کارتۆن شیری بلارکۆنی وەرگرت .
خوا نەبێت کەس سەری لەم عفریتە دەرنا چێت ! ئەمەشی ئۆینێکی تر ، مەگەر دۆڕاندنی عەردەکەی پێ پڕنەکاتەوە !
پێم ووت :
- سەعید کوا منالّی شیرەخۆرەتان هەیە ؟!
لەقاقای پێکەنینی داو ووتی :
- پەلە مەکە هەموو شتێک هۆی خۆی هەیە . جارێ بەس تەماشا بکە ، دووایی دەزانیت مەگەر سەعید نەبم ! چۆن لێ دەگەڕێم زەرەر بکەم ؟!
هەندێک دوور کەوتینەوە ، کارتۆنە شیرەکەی بەچوار قاتی خۆی فرۆشتەوەو پارەکەی خستە تەنکەی باخەڵی . بەسەرسوڕمانەوە ووتم :
- ئەوە چی یە ؟
ووتی :
- ئەی چۆن ، نابێ خەرجی هاتووچۆم دەربێتە ؟!

چۆن دوکانەکەی بەبێ مۆڵەت تەواو کرد

نیوەی خانووەکانی گەڕەکی موفتی لەلایەن سەعید زەبۆکـــــەوە دروست کرابوون بۆیە زۆرکەس ناوی گەڕەکەکەی ئێمەی بە سەعیداوە دەبرد . وەکو بڵێی لەم دوا دواییە یەدا سەعید هەستی بـــــەوە کردبێت کەخانوو فرۆشتن ڕەواجی نەمابێت لەبەر کەم بوونەوەی عەردی فرۆشتن و بەرزبوونەوەی نرخەکانی یان و نرخی کەرەستەی خانوو و کرێکارو زۆر تەنگو جەڵەمەی تر . بۆیە ماوەیەک بوو بەدوای ئۆینێک دەگەڕا کە بە هۆی ئەوەوە نانێکی چـــــەوری دەست بکـــەوێ .

پیاوێکی زۆر ماندوو شەکەت بوو ، نەیدەزانی حەسانەوەو دانیشتن چی یە ، شەوورۆژ لەکارکردن و کەسابەتدا بوو . سەرێکی هەبوو سەد سەودا . بەقەد جوێکی هەبوو ئەگەر بشت دیتبا زگت پـــــێ دەسووتاوەو خێرت پێ دەکرد .

هەموو دەمێک دەکڕوزایەوەو دەنووزاوە ، لەباسی پارەو دراو زیاتر هیچی تری لەسەر زار نەبوو .

بەیانی یەکی ڕۆژی هەینی بەلای مالّی سەعید دەهاتمە خوارەوە بینیم دەستەیەک کرێکار بە قازمەو خاکەناس خەریکی حەوشەکەی سەعید زەبوکن و دەیهێننە خوارەوە .

هەندێکی تریش خەریکی بڕینەوەی دار پرتەقاڵ و هەرمێکان بوون . کەدیمەنی ئەو دارپرتەقاڵ و هەرمێ یانەم بە بڕاوی بینی کەللەم بۆیان دەتەزی .

ئۆفێکم هەڵکێشاو لەبیری خۆم ووتم (پەکو دەڵێی ئەو پیـــــاوە خەڵافاوە ، بۆچی ئەو حەوشە جوانەو دارە نایابانەی بەرداوە ؟!). هەتا چوومە بازارو هاتمەوە ، ئەوجارەیان بینیم لەشوێنـــــی ڕووخاوەکە ژوورێکی خنجیلانەی لێ بەرزکراوەتەوەو دەرگا بەکیشـــــی لەدیوی دەرەوە تێ گیراوە .

چوومەلای ووتم: دەتەوێ ئەم ژوورە بچووکە بکەیتە چی ؟
زۆرلەسەر ڕۆیشت ووتی: خەرجی گرانە ، کیلۆی مریشک بە دینارو نیوێکە ، هی گۆشتی ئاژەڵیش بەپێنج دینارە ، دەستەی هێلکە دووانزە پەنجایی ... مەنجەڵێکی ماست کەبەشی یەک ڕۆژ بکات بەدوو دینارە .
ووتم: مەبەستت چی یە ؟
ووتی: نیازم وایە ئەم کۆڵیتە لەم قوژبنە دروست بکەم وهەندێک مریشکەو ئاژەڵی تیا بەخێو بکەم .
هەر ئەو ڕۆژە دەستەیەک کرێکار بەسەر دیوارەکە کەوتن و دار سپێندارییان لەسەر دیوارەکان ڕایەڵ کردو بەتەبەقەی جەمە - لۆنیش دایان پۆشی و دوای خۆڵەبان خەفتەیەک کۆنکریتی یان لەسەر گرتەوەو سەبیان کردە لەدیوی ناوەوەی ژوورەکەش دوو وەستاو چوار کرێکار خەریکی لەبخ کردنی دیوارەکان بوون . نەگەیشتە شەو، دەستەیەکی تری کرێکاران بەگورجی بەدوو سێ خەفتە عەردی ژوورەوەیان کۆنکریت کرد .
هەرچەندی بیرم لێ دەکردەوە سەرم لێ دەرنەدەکرد. لەبیری خۆم دەمووت (دروست کردنی کۆڵیتێکی وا ئەم هەموو پەلەیی و سەین و بەینەی بۆچی یە). چوومەلای و لێم پرسی:
- سەعید ئەگەر کەس نەتناسێ من دەتناسم بایی چەندی ؟
هەر بەخۆم دەتناسم چ ماڵێکی ، شەیتان بەشەیتانێتی خۆی لەدەستی تۆ ڕزگار نەبووە. بەڕاستی پێم بڵێ ئەمەت بۆچی یە ؟
لەقاقای پێکەنینی داو ووتی: بەسەری منا ئەکانم ئەگەر نیوسەعات پێش ئێستا ئەم . پرسیارەت لێ بکردبام بەڕاستی وەڵامم نەدەدایتەوە ، بەڵام ئێستا بێ ترسو بەڕاستیش وەڵامت دەدەمەوە. بەسەر سوڕمانەوە ووتم:
- بۆ ؟
ووتی :

چۆن خۆی دەکاتە وەکیلی کۆمپانیای

جگارە لەهەولێر

سەعید زەبۆک کلکی لەهەموو شوێنێک دەجوولێتەوە ، هەر رۆژی لەدایەرەیەکە . هەر کاروکاسبی یەک خێری پێوەبێت وەکو پشیلە بۆنی دەکاتەو خۆی دەگەیەنێتێ .

هەفتەیەک زیاتر بوو لەگەڵ مام مەحەمەد یەکی فایلێکی یان خستبووە بن هەنگڵ و لەرێگای کارگەی جگارە دەهاتن و دەچوون .

بە مام مەحەمەدم ووت :

- دەڵێی لەگەڵ سەعید شتێکتان بەدەستەوەیە وا بەیەکەوە گونجاون و خەریکن ؟!

بەپێکەنینەوە ووتی:

- خوا خێری بنووسێ . ئاگام لەهیچ نەبوو . ئاگاداری کردمەوە کە کۆمپانیای جگارە نیازی وایە وەکالەتی فرۆشتنی جگارە بداتە ئەوکەسانەی مەرجەکانی ئەو وەکالەتەیان تیا هەیە .

زۆرم زگ پێی سووتا . لەوە دەترسام فیتنەیەکی لێ بقەومێ ئەگینا ئاگادارم دەکردەوە کە ئاگای لەخۆی بێت نەبێت بیفرۆشێت و بەخۆشی نەزانێ هەروەکو چۆن منیشی بەدوای خۆی دا بۆ موسڵ بێ ئەوەی فلسێکی قەڵپی لێ قازانج بکەم .

ئەم ساختەچی یە خوا بەهرەیەکی وای داوەتێ ، گیانە بۆ دێنێتە چۆکان و هیچیش نی یە . منەتێکی بەخۆرایی هەڵدەگریت و زۆر مەمنونیشی دەبیت و لەسەر حسێبی تۆ گەلێک چاکەو پیاوەتیش دەکات بێ ئەوەی هیچیشت بۆ بکات . بەڵام بەکێ دەڵێی ؟! ئەوەی نەکەوێتە ناو تۆڕی ئەم ڕیوی یە باوەڕناکات ، پاشی تڕێش خەپشەی بڕێ !! دانم بەخۆم دا گرتەو ئەوەی لە دڵم دابوو لەدڵی خۆم هێشتەوە بەچاکەو بەخراپە ئامۆژگاریم نەکرد .

چەند مانگێک بەسەرچوو ، ڕۆژێک بە بەردەم دوکانەکەی مام مەحمەد ڕەت بووم ، سڵاوم لێی کردو وەری گرتەوە . جگارە خۆرێک لەلای دانیشتم . هەر پرتەو بۆڵە بۆڵی بوو و لەبەر خۆیەوە دەیووت :

- سەگی سەگ بابی وا ، دوو مانگ زیاتر لەئیشی کردم ومەسرەفی تاکسی و بەرتیل دان و دەعوەتەو دەعوەت کارێ و پارەی دیاری و پووڵ و سکاڵای پێ دام و وەکو کوچ کوچەش منی دایە دوای خۆیەوە لەو دایەرە بۆ ئەو دایەرەو لەو گەراج بۆ ئەو گەراج ، چی یە وەکالەتی پاکەت فرۆشتن بەجومڵە بۆ خۆی و بۆ من دەردێنێ . لەدووایییشدا وەکالەتەکەی تەنیا بۆ خۆی دەرهێنا . دەشڵێ چی یە ، وەڵا تەنیا یەک وەکالەتی یان دەوێ !! منیش ووتم :

- چۆن وەکالەتەکەیان بەس دا بە ئەو ؟

ووتی :

- کێ بزانێ ئەو ڕیوی یە هەموو زانیاری و یاساکانی ئەوانی ئەزبەر کردووەو بەتاکە مەرجێک هەموو مەرجەکانی ئێمە دەداتە لاوە !!

سەرم لە مەسەلەی ئەو تاکە مەرجەو مەرجەکانی تر دەرنەچوو ، ڕووم تێی کردو ووتم :

- لێت حاڵی نەبووم ، تکایە زیاتر ڕوونی بکەوە ؟

بەدرێژی لەسەرەتاوە هەتا دووایی مەسەلەی وەکالەتەکەی بۆ گێڕامەوە ووتی :

- منی بەدوای خۆی دا ، هەموو بازاڕی پێ گێڕەکردم . چەند گەراجی گەورە هەیە هەمووی بەسەر کردۆتەوە بۆ بەکرێ گرتنی دوو گەراج ، یەکی یان بۆ من و ئەوی تریشیان بۆ خۆی . منیش هیچم لێ نەدەزانی و لە مەبەستی نەدەگەیشتم دەیەوێ چی بکات و پێشی نەدەووتم . ئەگەر لێشم بپرسیبا دەیووت :(تۆ

بەس لەگەڵم وەرەو تەماشا بکەو هیچ دەنگ مەکە.) ئەوەبوو لەگەڵ دوو خاوەن گەراج ڕێکە کەوت بۆ بەکرێ گرتنی گەراجەکانی یان ، یەکی یان بۆمن و ئەوی تریشیان بۆ خۆی . ئەوەی ڕاستی بێت خاوەن گەراجەکان لەبەکرێ دان نەبوون بەڵام ئەم زۆڵە بەناوی ئەوە لەژێر چنگی دەرهێنان گوایا گەنم و جۆیەکی زۆری دوریوەتەوەو جێگای نی یە تێی بکا ، ئەو گەراجانەش شوێنی باشن بۆ عەمبار دانی گەنم و جۆ و فرۆشتنی.ڕێکەوتنێکی لەگەڵ خاوەن گەراجەکان بۆ ماوەی یەک مانگ و بەکرێی (...) دینار بەست . پێی ووتبووم کەحەقم بەسەر هیچەوە نەبێت ئەگینا هەرزوو دەموت گەنم و جۆی چی ئێمە بۆ وەکالەتی جگارە هاتووین بیان گەنم و جۆ. بەڵام ئارامم گرت و هیچ دەنگم نەکرد هەتا ڕێکەوتنەکانمان تەواو کردو گەڕاینەوە. لەگەڕانەوە لێم پرسی بۆ بەکابرای خاوەن گەراجت ووت بۆ عەمبارکردنی گەنم و جۆمانەو نەتووت بۆ پاکەت فرۆشتنمانە. ووتی ، ئەگەر بۆ ئەوماوە کورتە نەبایە ئەو خاوەنەکەی ئەم گەراجانەی بە دە هەزار دینار یش بەسەر قوفڵانە نەدەدا . خۆ ئێمەش هەر تەنیا یەک مانگ ئیشمان پێ یەتی دوای ئەو ماوەیە کلیلەکان دەدەینەوە خاوەنەکەی و کرێ یەکەشمان بۆ دەگەڕێتەوە .

مام مەحمەد بەردەوام بوو لەسەر گێڕانەوەی سەربردەکەی و ووتی؛

- منیش ووتم ئەگەر وایە بۆ ئەم گەراجانەت بەکرێ گرت . دەبا بۆ ئەو ماوە کەمەش هەر نەبوایە ؟ ووتی ، چۆن وا دەڵێی ، ئەگەر ئەم ڕێکەوتنانەمان بەدەستەوە نەبێت مەرجێکە لە مەرجەکانی بەرزکردنەوەی داوای وەرگرتنی وەکالەتەکەمان نا تەواو دەبێتەو سەیری مەعامەلەکەمان ناکەن . چونکە دوای بەرزکردنەوەی سکاڵا بۆ کۆمپانیای جگارە ، لێژنەیەک دێتە

تەماشای گەراجەکەو لەبەر ڕۆشنایی ڕووبەرەکەی بڕیار لەسەر دان و نەدانی وەکالەتەکە دەدات .

هەرچەندە زۆر ئیشم هەبوو ، بەڵام لەبەر خۆشی سەربردەکەو نوێ یی ساختەکەی سەعید زەبۆک هەڵنەستام و گوێ یەکانم بۆ قسەکانی مام مەحمەد قوڵاخ دا . لەسەرێکەوە پێکەنینم پێی دەهات لەسەرێکی تریشەوە دڵم بۆی دەزووراییەوە . ئەویش بەردەوام بوو لەسەر گێڕانەوەی مەسەلەی وەکالەتەکەو ووتی؛

دوای ئەو هەموو مەسرەفەو چاوەڕوانی و دوکان داخستنە ، هەموو ماندوو بوونەکەم بەلاش چوو و جەنابیشی وەکالەتەکەی بۆخۆی وەرگرت و زیکەی چاوەکانی دێنام .

پێکەنینم هات ووتم؛

- لەوەندەی گێڕاتەوە هیچ خەتای سەعیدی تیا نەبوو . وەکو خۆت ووتت ، بۆ هەموو شوێنێک هەر بەیەکەوە دەچوون و بەیەکەوەش مەعامەلەکەتان بۆ کومپانیای جگارە بەرزکردەوە . ئاهێکی درێژی هەڵکێشاو ووتی؛

- هیچ منی نەکوشتووە ئەوە نەبێت ، بۆ هەرکۆی بگێڕمەوە قەرزارـ یشم دەکاتەوە !

ڕووی تێ کردم و ووتی؛

- دەزانی خەتاکەی چی بوو ؟!

ووتم؛

- چی بوو ؟

ووتی؛

- ئەو ڕیوی یە فێڵبازە هەر لەهەوەڵەوە دەیزانی یەکەوەکیلیـ یان دەوێ و دەیدەنە ئەوکەسە کەگەراجەکەی لەهی هەموان گەورەتر بێت . هەر بۆیەش گەراجە گەورەکەی بۆ خۆی دانا و بچوکەکەی بۆمن هێشتەوە .

منیش ووتم؛

- گومانی خراپ مەبە ، بەڵکو ئەویش وەکو تۆ نەیزانی بۆ ؟

سەری خۆی لەقاندو ووتی: تۆ لەمن باشتر ئەم سەعیدە دەناسی و دەزانی ماڵێکی چ قەڵپە. سەرۆکی لیژنە پێی ووتم زۆر لەمێژە بە سەعیدمان ووتووە یەک وەکیلمان دەوێ و دەیدەینە ئەوکەسە کەگەراجەکەی لەهەموان گەورەتر بێت. زۆرم مەراق بوو بزانم بۆ رێکەوتنەکەی بۆیەک مانگ بەستە.

لەمام مەحەمەدم پرسی :

- نەتزانی بۆچی رێکەوتنەکەی بۆ یەک مانگ بەستە ؟

بەسەر سوڕمانەوە ووتی:

- ماقوولە تۆ نەزانیت ؟

ووتم:

بۆ ماقوول نی یە ا دیارە وەکالەتەکەی هەر بۆیەک مانگ دەردێنێ ؟

ووتی:

- ئەم هەموو شەرەشەقەی بۆ وەرگرتنی وەکالەتەکەیە ، چۆن وا بە ئاسانی وازی لێ دەهێنێ ؟!

ووتم:

- ئەی نەتووت مەرجی سەرەکی بۆ وەکالەتەکە ، گەراجەکەو رێکەوتنەکەیە ؟

ووتی:

- هەر ئەو رۆژەی لیژنە لەتەماشای گەراجەکە بوونەوەو بڕیاری یان لەسەر دانی وەکالەتەکە بەسەعید زەبۆکەدا کلیلەکانی داوە خاوەنەکەی و هیچ ئیشی بەگەراجەکە نەما.

بەسەرسوڕمانەوە ووتم: ئەی ئەمڕ گەراجەی بۆچی بوو ؟

ووتی:

- تەنیا بۆ بڕیار لەسەردانی لیژنەکە بوو .

ووتم:

- ئەی کە پاکەتەکان وەردەگرێ لەکوێ دابیان دەگرێت ؟
بەپێکەنینەوە ووتی؛
- داگرتنی چی ؟! بۆ دێڵێ بکەوێتە سەر عەرد ، هەر لەسەر
پشتی لۆری یەکەوە بەچوارقاتی نرخی خۆی دەیفرۆشێتەوە
بازاڕی ڕەش .

چۆن سەعید زەبۆك مۆڵەتی دوکانەکەی بەڕەسمی وەردەگرێت

مام مەحەمەدی بەختیار پەش دیسان بووە نێچیری سەعیدو چارێکی تر وەکو دووپشک پێ یەوەدا ، ئەوەجارەیان بۆ هەتا هەتایە لەوەرگرتنی مۆڵەتی دوکانەکەی بێ بەش بوو.

کێ بزانێ شارەوانی یاساى نوێی لەبارەی مولەتدانی دوکانەوە بۆ هاتووەو بەو پێ یە ئەو دوکانەکەی لەنا و کەڕەکە نیشتەجێ یەکان کراون وەیان دەکرێن ئەگەر هەندێ مەرجی تایبەتی یان تیا هەبێت مۆڵەتی یان پێ دەدرێت .

قەت سەعید نەبووە ئاوڕ لەدراوسێی خۆی بداتەوە ئەگەر کارێکی پێ نەبووبێت . لەم دوایی یەدا سەعید زیاتر لەجاران ڕای دەگرتم و لەدوکانەکەی خۆی کێکە و ساردی بەزۆری دەرخواردم . نەک هەرئەوەندە ، بەم دووایی یە لەوەش پەتی کرد تا گەیشتە ئەوە دوو قووتوو شیری گەورەی بە تۆبزی دامێ و پارەکەشی لێ وەرنەگرتم .

هەرزوو زانیم ئەو ماستە موویێکی تێدایە بەڵام خۆم لەگێلی دا هەتا بزانم چ ئۆپێنێکی تری لەژیر سەر دایە . تڕێنەری وەکو خۆی قەت نەبووە ، ئەگەر بیەوێ داوای ئیشێک وەیان شتێک لەیەکێک بکات یان واسیدەی پێ بکات ، حەفتەیەک لەوەوبەر زانیاری یەکی تەواوی لەسەر خۆی و کەسو کارو هاوڕێ کانی کۆ دەکاتەوە . دوای ئەوەش لەهەڵێک دەگەڕێ دیارەی پێشکەش بکات .

شەوێک بەئیشوکاری دایەرە خەریک بووم ، هەتا درەنگەنەگەڕامەوە ماڵێ . کەهاتمەوە ژنەکەم ووتی:

ـ ئەوە دیسان سەهید چ ئیشێکی پێتە ؟

ووتم:

ـ بۆ ؟

ووتی؛

- ئەمڕۆ لەنیوەی ڕۆژەوە هەتا ئێستا زیاتر لەچوار جار هاتووەو؛ لەتۆی پرسیوە.

زمانی خۆمم گەستەوەو لەبیری خۆم ووتم (دیارە خراپ تێگەیشتوومە ئەم فەرمەسۆنە کارێکی گرینگی پێمە بۆیە حەفتەیەکە دەمم چەور دەکات و بەدەورەمدا دەخولێتەوە).

بۆ بەیانی دوای نیوەڕۆ تازە دەستم لەنان خواردن هەڵگرتبوو لەدەرگا درا. سەعید زەبۆک بوو. دوای بەخێرهاتن و چاکی چۆنی، فایلێکی لەبەردەمم دانا و ووتی؛

ماوەیەکی زۆرە خەریکی دەرهێنانی مۆڵەتی دوکانم، هێناومەتە سەر تەواوبوون تەنیا ئیمزایەکی ماوە تەواو بێت. کەچی بەدبەختی بەیانی دەبێ لەبەغدا ئامادەبم بۆ عەمەلیات کردنی قاچم.

ووتم؛

- بۆ قاچت چی یەتی ؟

ووتی؛

- ئەنگوستی گەورەی قاچم ئێسقانی هێناوەو عەمەلیاتی دەکەم. هەرچەندە هیچ ئێسقانم نەدیت ووتم؛

- ئینشاڵا چاک دەبیتەوە. ڕووم تێی کردو ووتم؛

- ئەوجا ئەوە چ پەیوەندی بەمۆڵەتی وەرگرتنی دوکانەوە هەیە ؟!

ووتی؛

- ئەگەر ئەمڕۆ ئەم ئیمزایەم بۆ نەکرێ ئەوا ڕێسم لێ دەبڕێتەوە خوری، چونکی بەیانی زوو دەبێ لە نەخوشخانە بخەوم وعەمەلیا. تەکە بکەم. خۆشت دەزانی چوون بەدەست مرۆڤەو هاتنەوە لە دەست خۆی نی یە.

نەمزانی مەبەستی چی یە ووتم؛

- جا من چیم لەدەست دێت هەتا بۆتی بکەم ؟

بەپێکەنینەوە ووتی؛

- ئیشەکە لەسەر تۆ دەوەستێ ، ئەگەر بتەوێ بۆمی بکەیت زۆر ئاسانەو هەر ئەوڕۆ مەیسەر دەبێ . ئەگەریش نەیکەی هەرنابێ، کەوتمە ئەمری واقیح و ووتم؛

- ئەوەی لەدەستم بێ بۆتی دەکەم .

ووتی؛

- ئەم ڕووپێوەی کە ناوی لەناو فایلی مەعامەلاتەکە هاتووە ، سەرۆکی لیژنەی مولّەتدانی دوکانەکانی ناو گەڕەکە نیشتەجێ کانە ... .

پێش ئەوەی قسەکانی تەواو بکات ، سەیرێکی ناوەکەم کردو ووتم؛

- من ئەو ئافرەتە ناناسم . ووتی؛

- دەزانم ناینناسی .

ووتم؛

- ئەی چۆن یارمەتیت بدەم کەنەیناسم ؟

ووتی؛

- ئەو ڕووپێوە بڕایەکی ئەندازیاری لەدایەرەکەی ئێوەیە .

ووتم؛

- کێ یە ؟

ناوەکەی پێ ووتم . سەرم سوڕما ، چۆن من تا ئێستا نەمزانیوە ئەو ڕووپێوەی بەشی مولّەتی بینا خوشکی هاوڕێ کەی خۆمە؛

ووتم؛

- ئێستا چیت دەوێ ؟

ووتی؛

- ئوتۆمۆبیلێکت بۆ دەگرم ، لەگەڵم وەرە مالّی یان و داوای لێ بکە بەڵکو یارمەتیم دەدات و ئەم ئیمزایەم بۆ دەکات . فەرمانی خوا ڕەزای حەق !! سواری ئوتۆمۆبیلێک بووین و چووینە مالّی یان .

ووتم؛

- دڵنیای ئەوە ماڵی یانە ؟

ووتی؛

- جارێکی تریش هاتووەتەوە . لەزەنگی بەردەرگاکەمان دا . ڕوپێوەکە هاتە دەرەوە . هێشتان من قسەم نەکردبوو ، سەعید ڕووی لە کچەکە کردو ووتی؛

- ئەمەش برازاکەمەو لەگەڵ برا ئەندازی یارەکەی تۆ لەیەکە دایەرە بەیەکەوەن .

موچرکێکی سارد لەتۆقی سەرمەوە هەتا ژێر پێم بە لەشمدا هات ، ئارەقەی سورو شینم بەدەردا ، لەبیری خۆم ووتم (ئەم قورمساغە لەهیچەوە خۆی کردە مامم ، دەترسم پەندێکم پێ بکات !!) .

پیاوێکی بەقەڵافەت ، سەروڕیش سپی لەتەمەنی باوکمە پێم عەیبە نەبوایە بەدرۆم دەخستەوە بەڵام دانم بەخۆم دا گرت و نقەم نەکرد . کچەی بەستەزمانیش کەزانی مامەمە زیاتر ڕێزی لێناو بە ڕێز لێنانەوە هەردوکمانی کشاندە ژوورەوە . برا ئەندازیار-ەکەی لەماڵەوە بوو ، بەخێرهاتنی کردین و لەجیاتی خوشکەکەی بەو ئێوارە درەنگە لەگەڵمان هات بۆ پێوانی ڕووبەری دوکانەکەو چۆنێتی گونجانی لەگەڵ مەرجەکانی شارەوانی .

بەپێی تەعلیماتی شارەوانی دەبوایە ڕووبەری تەواوی ئەو دوکانانە لەبیست مەتری چوارگۆشە کەمتر نەبێتەو لەپێشەوەی دوکانەکەش مەترونیوێک بەقوواڵی دەرگای دووکانەکە لەشۆستەی شەقامەکە بخرێتە لاوە .

چوویینە سەر دوکانەکەی . لە ڕێگا لەناو تاکسی یەکە بیری شەوەم دەکردەوە باوکی منیش وەکو شەو ناوەن دوکانەو تا ئێستاش مۆڵەتی دوکانی دەرنەهێناوە . زۆر جاران سزا دراوەو تووشی دەمەقاڵی بووە لەگەڵ چاودێری شارەوانی لەسەر ئەم سەرپێچی-کردنە . خۆ ئەگەر بمزانیبا ئەم ئیشەوا بەئاسانی دەبێت

پێش هەموو شتێک مشووری مولّەتەکەی باوکیشم دەخوارد،هەرچەندە لەهاتنم لەگەڵ ئەم کەڵەک چی یە زۆر پەشیمان بووم بەڵام زیانیشم لێ نەکەوت ، بەهۆی ئەم ئاوقاتەوە هەموو مەرجەکانی مولّەتە دانی دوکانم زانی . لەدڵی خۆم ووتم(لەبەیانی زووتر نی یە مولّەتی دوکان دروست کردنەکەی باوکیشم تەواو دەکەم) . خۆ سەعیدیش نەبوایە ئێستا شی لەگەڵ بێت نەمدەزانی ئەو ڕووپێوە خوشکی برادەرێکی دڵسوزم دەردەچێ !!

گەیشتینە سەر دوکانەکەی . هەر وەکو لەوەوپێش وەسفی دوکانەکەیم بۆتان کردبوو ، هەمان دوکانی جاران کەبەناوی کۆڵیتە بەشەوو ـ ڕۆژێک لەترسی مام مەحەمەد و شارەوانی دروستی کرد تەنیا یەک شتی گۆرابوو ، ئەویش گواستنەوەی قەپەنگەکە بوو.

لەپێشەوەی دوکانەکە هەڵگیرابوو و بۆ دواوە بەدووری مەترو نیوێک بەپێی مەرجی شارەوانی گوێزرابۆوە . بەڵام لەهەمووی سەیرتر ئەوەبوو ، گوێ یە کۆنەکان کەپێشتر قەپەنگەکەی لەسەر دانیشتبوو هەر لەجێی خۆی لەناو دوو دینگەکە مابۆوە و دوو گوێی تری لەشوێنە نوێ کە چەسپ کردبوو . برادەرە ئەندازیارەکەم پێش هەموو شتێک دووری نێوان قەپەنگەکەو شۆستەکەی پێواو ووتی:

ـ زۆر باشە تەواوە . مەترو نیوێکی بردۆتە دواوە.

دواییش خەریکی پێوانی ناوەوەی دوکانەکە بوو ، هەرچەندی دەیکرد ڕووبەری ناوەوەی دوکانەکە بیستە مەتر دەرنەدەچوو. سەری خۆی لەقاندو ووتی:

ـ وا لەبەر خاتری تۆ دەنگ ناکەم ، ئەگینا مەرجێکی ناتەواوە بەڵام لەبەر ئەوەی لەدوورخستنەوەی قەپەنگەکە عەیبی نی یە کە مەرجێکی سەرەکی مولّەتی دوکانە ، بۆیە بەخوشکم دەڵێم بۆی ئیمزا بکات.

زۆری مەمنون بووم . دوای دانانی برادەرەکەم بەیەکەوە بەتاکسی گەڕاینەوە ماڵێ . لەڕێگا پێم ووت :

ـ سەعید سەرم لەیەکە شت دەرنەچوو ، تۆ لەدوێنی وە مالّی ئێمەت بەقونتەرات گرتووە بۆ ئەم ئیشەو دەشڵێی بۆیە بە پەلەم بەیانی دەبێ لەبەغدا ئامادەبم کەوابوو بۆ ئیمرۆ هەر لەبەیانی یەوە نەدەچوویتە شارەوانی و ڕووپێوەکەت نەدەهێنا تەماشای ؟ لەقاقای پێکەنینی داو ووتی؛

ـ تۆ پیاوەتی خۆتت کرد ، حەقەت چی یە بەسەر ئەوە !! ووتم؛

ـ تووسەری خۆت ئەگەر پێم نەڵێی ؟

خۆی لەبیر بردەوەو پێی نەووتم ۰ بیرم لەوەدەکردەوە چ فێڵێکی کردبێت ۰ زورم بیرکردەوە لەدووگوێی قەپەنگەکە زیاتر شکم بۆ هیچ نەچوو ۰ دوو گوێ یە کۆنەکەی قەپەنگەکەم بیرکەوتەوە کەهەر لەناو کۆنکریتی دینگەکانی پێشەوەی دوکانەکەی بەجێ هێشتبوو ۰ پێم ووت ؛

ـ سەعید پێت نەووتم ، بۆ دوو گوێ کۆنەکانی قەپەنگەکەت نە گوێزا بۆوەو دوو گوێی ترت کڕی بوو ؟

لەقاقای پێکەنینی داو ووتی؛

ـ دۆزیتەوە ... دۆزیتەوە !

بەسەر سوڕمانەوە ووتم؛

ـ چیم دۆزی یەوە ؟

ووتی؛

ـ بەیانی بەلای دوکانەکەمدا وەرە دەزانی ۰

ئەو شەوەیان هەتا خەوتم هەر بیرم لێی کردەوە نەمزانی مەبەستی چی بوو۰

بەیانی بەبەر دەرگای ماڵەوەیان ڕەت بووم ئاوڕێکی لای دوکانەکەیم دایەوە بیینیم قەپەنگەکە لەجێی خۆی نەماوەو گەڕاوەتەوە ۰ پێشەوەی دوکانەکە بۆ سەر گوێ یە کۆنەکانی جاران !!

کەئەمەم دیت شەرمم لەخۆم کردەوە ، خەمی ئەوەم بوو ، خوانەخواستە ڕۆژێک لەڕۆژان ڕووپێوەکەی خوشکی برادەرەکەم ڕێی بکەوێتە ئەوێ و ئەم دوکانە بەم شێوەیە ببینێ ، چیم پێ

دەڵێ لە هەمووشی ناخۆشتر بەمامی منیش تێی گەیشتووە .

مەرجێکی تری مۆڵەتی دوکان دروستە کردن لەناو گەڕەکەکاندا ئەوەبوو نەدەبوو دووری نێوان دوو دوکان لەسەد مەتر کەمتر بێت بۆیە یەکسەر مام مەحەمەدی بێ بەختم بیرکەوتەوە. زانیم کەچۆن باوکم بەم مەسەلەیەی نەزانیوە ئەوهاش دەستی خۆی پێش مام مەحەمەد خستبۆوەو بۆ هەتاهەتایە لەمۆڵەتی دوکان دروستە کردنی بێ بەش کردووە , ئەو دێکەشی لەژێر پێی دەرهێناوە کە کاتی خۆی لەژێرەوە چاودێری شارەوانی لێ وەئاگا هێناو دوکانەکەی پێشووی پێ هەڵوەشاندەوە .



هەزار گوناهو یەك تۆبە

ماوەیەك بوو سەعید زەبۆكم وەكو جاران نەدەبینی ، گوێ یەكانم بۆ دەنگ و باسی قوڵاخ دابوو بەڵام هیچی نوێم لێی نەزانی . بەلامەوە زۆر سەیر بوو ، ئەگەر دوو حەفتە دوكانەكەی نەكاتەوە یان ناوی لەمەجلیسێك باس نەكرێت موعجیزەی خوایە . بووە بەردی بن گۆم و سەرو سۆراخی بزر بوو . هەرچەندە كەسمان كەیفمان بەچارەی ئەم ساختەچی یە ناڕەسنە نەدەهات بەڵام بە بێی ئەویش بێنمان نەدەهات .

هەر لەمناڵی یەوە تامەزرۆی فڕوفێڵەكانی ببوین و سەبوور - یمان پێی دەهاتەوە . زیاتر خۆم پێ نەگیراو بڕیارم دا لەسۆراخی بپرسم . لەگەڵ خەڵكی گەڕەكەكەمان كۆبووینەوەو لەسەر ئەوە ڕێك كەوتین بچینە ماڵی یان و بەسەری بكەینەوە . دراوسێ مافی لەسەر دراوسێ هەیە .

چووینە ماڵی یان ، واپێ دەچوو سەعید زەبۆك ئەمجارەیان بەڕاستی نەخۆش بێت . بەوەدا دیاربوو خۆی لەژێر دوو لێف و بەتانی یەك پێچابۆوەو سەرو ڕیشیشی تێك ئاڵابوو . ڕەنگی زەرد وەكو پەلكە پیازی لێ هاتبوو ، لەدوورەوە تینی گەرمی یەكەی بۆمان دەهات . ناڵە ناڵیشی هەر مەپرسە ، دەتووت مناڵی ساوایە دەنووزایەوە . لێی نزیك كەوتمەوە . دەستم لەسەر نیوچەوانی دانا وەكو تەنوور سوور هەڵگەڕابوو ، دیاربوو تایەكی قورسی لێ بوو . وەئاگام هێنا ، هەندێك قسەی خۆشم بۆی كردو دڵیم داوە . هەندێك ئاوم پڕژاندە سەر دەم وچاوی و بەزۆری لەژێر نوێنەكەی دەرم هێناو پێم ووت :

- گشت دراوسێ یەكان هاتوونەتەلات ، هەندێك وورەت بەرزبێت . هێزی هینا بەرخۆی و وەكو جاران دەستی بەقسەی قەڵەو كردەوە . ڕووی لە ئێمەكردو ووتی :

- قەت نەم دەزانی ، ژیان وەكو چرایەكە هەر بكوژێتەوە دەكوژێتە - وەو مایەی پووچە ، ئەوەی بەكەڵكی مرۆڤ بێت هەر چاكەو

پیاوەتی یە .

دراوسێ کان واقیان وورما ! دەویان بستێک بەش بڕوە ، ڕوویان لەیەک کردو دەستکرا بەپسەپس ، دەبێ ئەمە سەعید زەبۆک بێت قسەی وا بکات ، باسی ڕۆژی دووایی بکاو لە چاکەو خراپەو پیاوەتی و خێرو خێرخوازی بتۆژێتەوە ؟!

سەعید زەبۆکیش زیاتر لەسەر قسەکانی ڕۆیشت و ووتی:

- تۆبەم کردووە تۆبەی نسوح ، ئەگەر مام و نەمردم هیچی تر بەلای درۆو فێڵ وفڕو خراپەدا ناڕۆم و ناوی کەس بەخراپ ناهێنم . نانێکی حەڵاڵ ئەگەر خوا بەقسمەتی کردم شەوا دەیخۆم ئەگەر نەشی دا ئەوا شوکرانەی دەکەم و چاوم لە ڕزقی حەرام نابێت . هەندەم نەمابوو ئەوجارەیان پەلەواژ ببمەوەو بمرم ، ئەو سامانەی تەمەنێکی دوورو درێژ بەدەردە- سەری کۆم کردبۆوە هیچیم بەکەڵک نەهات .

ڕووی لەئێمەکردو لەپڕمەی گریانی داو بەدەم گریانەوە ووتی:

- سامانم لەملیونێک ڕەتی کردووە ، هەتا ئێستا فلسێکم زەکات لێی دەرنەکردووە ، خۆم بەخەجاڵەت دەزانم بەرامبەر ئێوەو خوا و پێغەمبەرم .

هەندێک دڵیمان دایەوەو بە دەستەسڕێک فرمێسکی چاویمان ووشک کردەوەو ووتمان:

- کێ بێت لەئێمە لەژیانیدا گوناهی نەکردبێت و دەرحەق بە دراوسێی تەقسیری نەکردبێت . گرینگ ئەوەیە کەپیاو هەڵەی کرد زوو هەستی پێ بکات ڕاستی بکاتەوەو لغاوی شەیتان لە دەمی بکاتەوە . گوتووشی یانە هەزار گوناهو یەک تۆبە . خوا زۆر بەڕەحمە . لەسەر مەرگدا تۆبەی مرۆڤ قەبووڵ دەکات . سەعید زەبۆک لەگەڵ ئەم قسانەی ئێمە زەوقی کرایەوە ، ڕووی لەئێمە کردو ووتی:

- بڕیارم داوە ، ئەگەر لەم نەخوشی یە ڕزگارم ببێت شەوا هەموو پیاوو ئافرەتە بەتەمەنەکانی گەرەکەکەمان لەسەر

حسیبی خۆم ببەم بۆ حەج .

